# نیچە و
# سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# نیچە و

## سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم

نووسەر:

**رابێرت ب. پی ین**

وەرگێڕانی بۆ فارسی:

**محەمەد سەعید حەنایی کاشانی**

وەرگێڕانی بۆ کوردی:

**ئیسمایل ئیسمایل زادە**

ناوی کتێب: نیچە و سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم
نووسینی: رابێرت ب. پی یین. وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەد سەعید حەنایی کاشانی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئیسمایل ئیسمایل زادە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٥٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
پیت لێدان: هاوتا هیوا
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + عەبدولخالق یەعقووبی
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦١٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێش گوتە

نیچە، لە سەدەی نۆزدەدا بە دوو زاراوەی *ئاپولونی* و *دیونیزی* دەنگی خۆی خستە پاڵ زانستی جوانیی ناسییەوە. ئەم دوو زاراوەیە لە ***لە دایکبوونی تراژیدیا***دا، کە یەکێکە لە بەرهەمە بەنرخەکانی نیچە، بە دوو توخمەی دژواز لە ژیانی داهێنەرانەی مرۆڤ ناوبراون. بەم پێیە گەشەی هونەریی دەرەنجامی کۆنتاکتی *ئاپولون* و دیونیز–ن. ئەم دوو ناوە، لە ناوی خوداکانی یۆنانی دێرینەوە وەرگیراون. *ئاپولون*، خودای پێشگۆیی و پشتیوانیی هونەرە و نیشاندەری هێمنی و ڕووناکاییە.

دیونیز نیشاندەری ڕەشەبا و شڵەژانە. جوانیی لە هونەردا، بەرهەمی زاڵکردنی توخمەی ئاپولەنییە بە سەر غەریزەی سەرەتایی دیونزی و جوانیی ڕاستەقینە، بەرهەمی تێکەڵبوونی ژان و خۆشییە.

نیچە، پێش ئەوەی شێت بێت، واتە سەردەمی ئافراندنی ژیانی (١٨٧١–١٨٨٩) هێرشی دەکردە سەر ئەخلاق. کێشەی ئەو جاری وایە *ئەخلاقی مەسیحی* دەگرێتەوە و زۆر جارانیش گشت ئەخلاق دەکەوێتە بەر هێرش.

لە ڕوانگەی نیچەدا، نموونەی دیاری ئەخلاقی کۆیلەیی، مەسیحی بوونە. ئەگەر ئەخلاقی مەسیحی دەکەوێتە ژێر تیخی ڕەخنەی ئەو، بەگشتی ڕەتکردنەوەی ئەخلاق دەگرێتە خۆی، واتە گەڕان بەدوای شتێك لەوپەڕی ***چاکە و خراپە****دا*.

دەسەڵات، یەکێکی ترە لە چەمکە بەرچاوەکانی ئەندێشەی نیچە. بە بۆچوونی ئەو، ئەوە خواستی دەسەڵاتە کە تێگەیشتن و ناسین لەسەر هەموو شتێك بەدی دێنێ، بەمجۆرە خواستی دەسەڵات چەمکێکی میتافیزیکی یان بە واتایەکی دیکە، چەمکێکی *ئیگزیستەنسیالیزم*– انەیە. لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا، ئایین وێنەیەکی گشتی لە جیهان ئاراستەی تاك دەکات و بۆ پاساوی ئەم کارەش، واتە پاساو هێنانەوە بۆ ئاکاری ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆی ئایدیالۆژی ئایین. لەو دنیایەدا ئاین سەرچاوەی متمانە و باوەڕ بوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا، نیچە دنیایەکی مۆدێرن دەبینێ کە دین نە تەنیا سەرچاوە نییە بەڵکوو جێنشینێکی بۆ دانراوە: ***زانست***. نیچە بە زمانی *خوازە*، بەم تایبەتمەندییەی دنیای مۆدێرن دەڵێ: ***"خودا مردووە"***. لە دنیای مۆدێرندا، ئەندێشەی زانستی دێتە جێگەی ئەندێشەی ئاینی و میتافیزیکی.

سەرەڕای ئەمانە تایبەتمەندیی سەرەکی یان ڕووداوی سەرەکیی مرۆڤی مۆدێرن لە لای نیچە، *نهیلیزمە*، واتە نهیلیزم، پرسیاری سەرەکیی سیستمی فیکریی نیچەیە. ئەمەش هۆکارێکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی نیچە ڕەخنە لە مۆدێرنیتە بگرێ و ئەمەش، واتە هەستیاربوون لە بەرامبەر پرسی سەرەکی لە دنیای مۆدێرندا...

زۆربەی خوێنەران و تەنانەت بەشێك لە بیرمەندانی پاش پێکهاتەخوازی، تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی نیچە دابوون، بۆ نموونە *ژان فرانسوا لیوتار* ڕووی کردە بۆچوونەکانی نیچە، میشێل *فۆکۆ* لە ژێر نسێی ئەندێشەی ئەودا ڕەخنەی لە مرۆڤخوازی (هیومانیزم) و مێژووخوازی دەگرت، ژیل دۆلۆز و *ژاك دریداش* کەوتنە ژێر کاریگەریی نیچەوە...

ئیسماییل ئیسماییل زادە

٢٠٠٥/٦/١٢

# نیچە و سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم(١)

ئەگەر چەمکی مۆدێرنیزم سەرەتا لە هونەر و ڕەخنەی ئەدەبیدا بۆ پۆلینبەندی کردن لە کار کرا، ئێستاکە لە زۆربەی بەرنامە فەلسەفی (یان دژی فەلسەفی)یەکاندا زاراوەیەکی هونەریی باوە و زۆر جارانیش وەکوو ڕوانگەیەکی لێڵ ماوەتەوە و ناڕاستەوخۆ خۆی لە ئەنجامدان دەبوێرێ. لەم وتارەدا، بۆ باسکردن لەسەر وردبینیی مێژوویی و ڕەوابوونی فەلسەفیی ئەم چەمکە، نووسەرێك هەڵدەبژێرین کە بۆ ئاراستەکردنی ئەم کێشەیە (بەوتەی خۆی: نهیلیزم) و ورووژاندنی حەساسیەتی فەلسەفی لە بەرامبەر کێشە شاراوەکانی نێو ئەم بانگەشەیەدا، بەرپرسایەتییەکی زۆری لە ئەستۆ بووە، ئەمەش شتێکی پەیوەست بە سوننەتێکی *کۆتایی پێ هاتووە* و دەست بە*شتێکی نوێ* کراوە. ئەم نووسەرە نیچەیە و ئەم پرسانە بریتین لە: بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت کە لە ڕاستیدا (کەلەبەر) ێکی تەواو کەوتووەتە نێو سوننەتەوە و بەتایبەتی ئەگەر بەشێك لەو بانگەشەیە ئەمە

بیَ کە ئەم کەلەبەرە دەبووایە ڕووی دابووایە، دەبیَ چ شتێك نیشان بدەین؟ دەرەنجامەکان کامانەن، بەتایبەتی بە سەرنجدان بە ئەگەری بوونی پاساودانەوە (پاش مودێرن)ەکەی؟ وەڵامەکانی نیچە بەم پرسیارانە لەوە ئاڵۆزترن کە تێیگەیشتووین و کاتیَ بە دروستی بەدوای ئەم پرسیارانەدا بڕۆین، لایەنی بەهێز و لاوازی وەڵامی بیرمەندانی دوای نیچە وەکوو (هایدگێر، دۆلۆز، فۆکۆ، ودریدا) ئاشکرا دەبیَ.

# ١

کاتێ بە کەسێك دەگوترێ کە شێوەکارێك، ئاهەنگسازێك، شاعیرێك یان فەیلەسوفێکی مۆدێرنیستە، بە دڵنیاییيەوە شتێك لەم نێوە حاڵی دەبێ، بەڵام زۆر دژوارە بڵێین، دروست چ شتێکە کە بە کەسێك ئیزن دەدا، نەتەنیا کەسانێکی وەکوو *ریچارد واگنێر*، *ئیگۆر ستراوینسکی*، *پۆل سێزان*، *مارسێل پرۆست*، *ویرجینیا ڤۆلف*، *جمیز جۆیس*، و *فریدریش نیچە*، بخاتە ناو گرووپێکەوە، بەڵکوو *بێلا بارتۆك*، *جان کیج*، *رێنێ مەگریت*، *فرانتز کافکا*، *سامۆیل بێکت*، *لودڤیگ ویتگنشتاین* یش لە ڕیزێك دابنێ. ڕێگەیەکی سادە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەشێك لەو شتانەی کە دەتوانێ لەوەها پۆلینبەندییەکی گشتگیر لەبەر چاو بگیرێ سەرنجدانێکی وردە بە نووسەرێك کە لەم گرووپە مۆدێرنیستەدا، بە ڕاشکاوی لەسەر ئەم پێناسەکردنە دواوە و تەنانەت ڕوونکردنەوەشی بووە. کاتێ سەرنج بە لێکۆڵینەوەیەکی دەتوانێ جێی سەرنج بێ کە نووسەری ناوبراو نە تەنیا ئەم چەمکە وەکوو بابەتێك لە ڕوانگەی مێژوویی یان ڕەخنەیەکی بەسوودەوە روون بکاتەوە بەڵکوو بەگشتی ئەم ڕوانگەیە وا ڕوون بکاتەوە کە ڕاست بوونی بەشێك لە فەرزە گرنگە فەلسەفییەکانی شاراوە لە زاتی ئەم چەمکەدا، دەربکەوێت. بەم جۆرە دژی مۆدێرنیست بوون هەر تەنیا نیشانەی بیری کۆن نییە، بەڵکوو نیشانەی کرچوکاڵی و سەر لێشێواوی یان پێشگرتنە بە ئەندێشە.

بەڵام ئەم فەرزانە کامانەن و چۆن بەرگرییان لێ دەکرێ؟ لە درێژەی ئەم باسەدا، بۆچوونی من ئەوەیە کە نیچە سەرەڕای گشت دژواری و خۆبواردنی ناڕاستەوخۆی ئەندێشەکەی، (مۆدێرنیست) یێکی بەنرخە و نموونەیەکە بۆ پرسیارکردن لەم چەشنە کێشانە، چونکە یەکێك لە گرینگترین بانگەشەکانی نیچە تا ڕادەیەکی زۆر هەمیشە پاژی جیانەکراوە لە ڕوانگە مۆدێرنیستییەکانە (ئەگەرچی زۆر جاران پێش گریمانەیەکی خامۆش و یەکلاکەرەوەیە) و ئەویش ئەم بانگەشەیەیە کە چاخی هەنووکە، نیشاندەری کەلەبەرێکی تەواو و چارەسەر نەبووە لە ڕابردوو، نەك ئەوەی قۆناغێکی تر بێ لە گەشەی بەردوامی چاخی حازر، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی دەروونیی لەگەڵ هەبوو. زۆر جاران وێدەچێ کە ئەم کەلەبەرە وەها کامڵە کە هیچ کام لە فەرزە بایەخدارەکانی کەلتوورەکانی پێشوو، ئیتر بەشێوەیەکی گونجاو یان تەنانەت بەشێوەیەکی پراکتیکی جێی متمانە نین. بۆ نموونە ئەو پێویستییە بە ڕواڵەت سادانەی چارە نەکراون و بوونەتە هۆی دروستبوونی کتێب و دەق یان دانانی ناوی ئەدەبیات لەسەر شتێك کە *باشترین بایەخەکانی خۆیان سووك کردووە*. چاخی حازر تەنیا پشت ئەستوورە بە هیچ، ئەگەرچی وا دادەنرێ کە گێڕانەوەی نیچە لەم تیۆرەش، بەڕاشکاوی زۆربەی پێش گریمانەکان و پێویستییە تیۆرییەکانی پێناسە دەکا و دەیانخاتە بەر چاوی ئێمە. شیاوی باسە کە لە گێڕانەوەی نیچە لەسەر شوێنی سەرهەڵدانی وەها کێشەیەکی مۆدێرندا (کە ئەو پێی دەڵێ نهیلیزم)(٢) بانگەشەکان دەبێ لە دیدی تیۆرییەوە وەها بەهێز بن هەتا بتوانن نیشان بدەن کە ئەمە تەنیا لە دەست چوونی باوەڕی ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو ڕووداوێکە کە دەتوانرێ بە لێکەوتەی سروشتی خودی ئەو بایەخانە دابنرێ. بەمجۆرە نیچە، ڕاڤەی دامەزراوە و عادەت و نووسەرە جۆراوجۆرەکان بەم مەبەستە ئاڕاستە دەکا، هەتا لە ڕوانگەی

فـەلسەفـیـیـەوە تـیشك بـخـاتـە سەر ئـەو شتـەی کـە *ئـێستـا دەبـێ لـە گـەڵـی* ڕووبەڕوو بینەوە و بەرگری لێبکا. ئەو لەوەها راڤەیەکدا، زۆر جار بە ڕاشکاوی لە هەمان تیۆری راڤەی، بەرگری دەکا کە بابەتی سەرەکیی لێکدانەوەی خۆی و *فەلسەفەی* مێژووە و لە بەکارهێنانی *تیۆری راڤەی* سەرچاوە دەگرێ(٣). بە بۆچوونی من، وەها راڤەیەکی مێژوویی، نە تەنیا دەتوانێ بۆ تێگەیین لە فەلسەفەی نیچە گرینگ بێت (کێشەیەك کە دەبێتە ناوەندی سەرنجی بابەتەکانی دواتری ئێمە) بەڵکوو لانیکەم بۆ تێگەیین لە بەشێك لەو کێشە بنەڕەتییانەی کە لە بانگەشەکەی ئێمەدایە، کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە، واتە ئەم بانگەشەیە کە لە مێژوودا قۆناغێکی (مۆدێرنیستی)ی هەیە و ئەویش نیشاندەری دابڕانێکی مێژووییە و تەنیا لە ڕووی نەزانین یان بیر تەسکییەوە دەکرێ خۆی لێ بدزرێتەوە(٤).

دووهەم، ئەوەی کە بە پێچەوانەی چاولێکەرانی هاوچەرخی نیچە، بایەخێکی مەزنتری فەلسەفەی نیچە ئەوەیە کە ئەو حازر نییە بەتیۆری نەرێی ناوبراو ڕازی بێ. هەروەها هەوڵ دەدا بزانێ کە پشت نەبەستن بەبایەخەکانی پاش مۆدێرنیستی، بە چ مانایەکە و چ ئاکامێکی بەدواوەوەیە.

نیچە لە ڕوانگەیەکی مەزنەوە، سەرنجدان و چڕبوونەوەی بیری مۆدێرن لەسەر شۆرەکاتی (ژیانی بێ بەرهەم ..Wasteland)ی چاخی هاوچەرخی ئێمە بە سووك دادەنێ و هەروەها سووکایەتی بە لاوازی و باوەڕ بەخۆ نەبوون و هەوڵێك دەکا کە بە پێی بانگەشەی ئەو هەمیشە لە شانۆ و هونەری مۆدێرندا دەرکەوتووە، بەڵام ئەمەش وادەکات ڕووبەڕووی بانگەشەیەکی فەلسەفی ببێتەوە، بەم واتایە نیچە دەیەوێ گفتوگۆ بکا و نیشانی بدا کە کاتێ بۆچوونی مۆدێرنیستیی ناوبراو قبووڵ کرا ئەگەری چ قەوارەیەك لە پاساودانەوە هەیە. ئەو هەمیشە لە یەکەم بەرهەمەکانیدا

بە یارمەتیی چەمکێکی سەرەکی، ئەم ڕوانگەیە جیا دەکاتەوە، چەمکێك کە لانیکەم زۆر سانایە: ئەم پاساودانەوە مۆدێرنیستییە پاساودانەوەی **جوانی ناسانەیە**، بەڵام دەبێ بزانین کە مەبەست لەو پاساودانەوەیە چییە؟

بە کورتی، ئەگەر کەسێك لە هەر بوارێکدا بیەوێ ببێتە مۆدێرنیستێك، پێویستە بتوانێ لە راڤەی مێژوو بەرگری بکا و بەو مانایە کە خودی ئەم نوێخوازییەی (مۆدێرنیست) و دەرەنجامی دەستوریی وەها بانگەشەیەك، دەیخوازێ و نیچە هەوڵ دەدا، هەر دوو کارەکە ئەنجام بدا و من دەمەوێ لە سەرانسەری ئەم هەوڵەدا ڕەچاوی بکەم، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چەند دەقێك پێویستن کە لە سەرانسەری ژیانی ئەودا بڵاو بوونەتەوە. بە بۆچوونی من ئەم بنیاتنانەوە سەرانسەرییەی بەرهەمەکانی ئەو پێویستە، چونکە بە پێچەوانەی بۆچوونی کەسانێك کە ژیانی ئەدەبی و فەلسەفیی نیچەیان بە چەندین قۆناغی جیاواز دابەش کردووە، لە ڕاستیدا بەرهەمە جۆواوجۆرەکانی ئەو پەیوەندییەکی دەروونی و ڕێکوپێکیان لەگەڵ یەکتر هەیە(٥). ئەم گەڵاڵە و بەرنامە سیستماتیکە بە سەرنجدان بە نموونەی تەئویلی نیچەیی دەبینرێ، واتە لێکدانەوەی ئەو سەبارەت بەو شتەی کە لە ڕوانگەی یۆنانیدا بواری بە تراژیدیادا یان تەنانەت ئەو شتەی کە مافی بە تراژیدیا دا هەتا ببێتە باڵاترین (دەسکەوت) ی یۆنانییەکان و ئەو شتەی کە بەرپرسی مەرگی بوو (بەشی دووەم لەم وتارەی بەردەستدا). هەروەها هەموو کەس دەتوانێ لە بەشێکی جێی سەرنج لە باقیی بەرهەمەکانی نیچەدا، وەها تەئویلێك بە تیۆرێکی مەزنخواز گشتگیر بکا، واتە هەلومەرجی هەموو مانایەکی مێژوویی و لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە (هەلومەرجی) ژێدەربوونی هەموو بەرهەمێکی پسپۆڕی و پیشەکاریی ئینسانی (پرسپێکتیویزمی ناوداری نیچە/ بەشی سێی ئەم وتارە). بەمجۆرە ئەو کات دەتوانین بچینە سەر کەڵك وەرگرتنی نیچە لەوەها

بەرنامە و گەلاڵەیەکی کە لێکدانەوەکەی لەسەر چاخی مۆدێرندا دەبینرێ. ئەم کەڵك وەرگرتنە بە باشترین شێوە لە ڕەچەڵەك ناسییەکەی نیچە لە قۆناغێکی ئەخلاقی مێژوودا، ڕەنگی داوەتەوە (بەشی چوارەمی ئەم وتارە)، لەم شوێنەیە کە هەموو کەس دەتوانێ خوازیاری بەرگرییەك بێ لەو بانگەشە دیار و سەرەکییەی راڤەی نیچە کە باسی سەرکەوتن و دواتر شکستی کۆتا و پێویستیی (ڕوانگە)ی مەسیحی و ئەخلاقی مۆدێرن دەکا (ئەوەی کە مەسیحی بوون دەبێ بە تۆڵە یان ڕق خوازیی کەلتووری کۆیلەکان دابنرێ). بەهۆی ئەم بانگەشەیە کە دەتوانرێ لە بەشێکی گشتگیری ئەو شتە حاڵی بین کە نیچە دەیەوێ بە یەکەم شێواز دەری ببڕێ، ئەویش دەربارەی پێویست بوونی نواندنی پاش نهیلیزمانەی پاساودانەوەی جوانی ناسانایە (بەشی پێنجەمی ئەم وتارە). دیارە کە نیچە لێرەدا، هەر بەو ڕادەیەی کە پێشتر دانرا– سیستماتیك نییە، بەڵام پێم وانییە کە بە مانای غەدر کردن لە نیچە بێ، ئەگەر بڵێین کە بەشێك لە بانگەشەکانی ئەو، پشت ئەستوورن بە بانگەشەکانی دیکەی خۆی، ئەم پرسیارە سەرنجڕاکێشە دروست دەبێ کە ئایا وەها پێوەندییەك بۆ ئەوە دەبێ بەرگری لێ بکرێ؟ بە تایبەتی من دەمەوێ کە بیرکردنەوە لەم پەیوەندییانە بتوانێ بەشێکی جێی سەرنج لە خاڵی بەهێز و لاوازی مۆدێرنیزمی نیچە و بەشێوەیەکی گشتی تر، خاڵی بەهێز و لاوازی خودی مۆدێرنیزم ئاشکرا بکا.

## ٢

لەبەر ئەوەی کە **لە دایکبوونی تراژیدیا** (١٨٧٢) یەکەم بەرهەمی گرنگی نیچە بوو، ئەم بەرهەمە *کاریگەریی شوپنهاوەر* و ***واگنێری*** پێوە دیارە. (ئەو کاریگەرییانەی کە نیچە ماوەیەك دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی، ڕەتی کردنەوە)، دەسپێکی بەرنامەی مەبەستی ئێمە بەم بەرهەمە سەرەتاییەی نیچە، لە ڕواڵەتدا لەگەڵ شێوازی باوی خوێندنەوە هەنووکەییەکان کە لەسەر نیچەن ناسازێ، بەڵام لە ساڵی (١٨٨٦) چاپی تازەی ***لە دایکبوونی تراژیدیا*** بڵاوبووەوە نووسەر سەردێڕی نێو یەکێك لەو دوو لاپەڕەی پێڕستی کتێبەکەی بەنێوی ***لەناخی ڕۆحی مۆسیقاوە***، *دەربارەی* ***نهێلیزم و ڕەشبینی***، گۆڕی و بەشێکی دیکەی بەنێوی هەوڵێك بۆ ڕەخنە گرتن لە خودی پێوە زیادکرد[٦]. نیچە لەم چاپە تازەیەدا وێڕای خۆ پارێزییەکی زۆر لەسەر ئەم بەرهەمەی سەردەمی گەنجی، ئاماژەی بە سەرکەوتوویی سەرەکیی ئەم کتێبە لە هەنووکەدا کردووە، واتە ئەم خاڵە کە کتێبەکە پێی وایە پاساودانەوەی جوانی ناسانەی جیهانی، لە هەر چەشنە پاساودانەوەیەکی میتافیزیکی یان ئەخلاقی لەپێشترە[٧]. سەرەڕای ئەمە نیچە لە ساڵی (١٨٦٦) دا گرنگییەکی زیاتری دابوو بە شوناس بەتایبەت مێژووی کێشەی تراژیدیای یۆنانی . ئەو بە ڕاشکاوی پێی وابوو کە دەبوو بە جێی تراژیدیا لە ئەزموونی یۆنانی نزیکتر بووایە و هەوڵی بۆ ئەوە نەدابووایە کە بەشێوەیەکی لایەنگرانە مانای تراژیدیا بە تەوژمی ڕۆمانتیکی نا یۆنانی و مۆسیقای ئەڵمانییەوە

بلکێنێ(٨). ئەم دوو گۆڕانە نیشاندەری هەمان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕێوشوێنی راڤەی نیچەن کە پێشتر داکۆکی لەسەر کرا. ڕەنگە دەرفەتمان بۆ تراژیدیا نەبێت، بەڵام لە چاخی ئێمەدا، ڕەنگە فۆرمێك لە داکۆکی و پاساودانەوە بکرێ کە لانیکەم بەشێوەی ڕواڵەتی لە چاخی یۆنانییەکانی پێش مەسیحی و پێش فەلسەفی بچێت، هەر ئەم نوسراوە گرنگەی نیچە بەڵگەی ئەم حوکمەیە(٩):

یەکەم، ئەو شتەی کە لە تەئویلی مێژوویەکی ئاڕاستەکراو لە *لە دایك بوونی تراژیدیا* دا دەتوانین پێی بڵێین ***ڕەوشت ناسی***، بە ئاشکرایی ڕێنوێنی خودی نیچە لەسەر قازانجی مێژوو ڕەچاو دەکا، واتە تیۆرێکی کە نیچە لەو نوسراوەیەوەی دواتر نووسی، ئاڕاستەی کرد (دەربارەی سوود و زیانی مێژوو بۆ ژیان). ئەو لەم نوسراوەیەی دواتری خۆیدا لەسەر ئەمە داکۆکی کرد کە هەر مێژوویەك بێت و بیەوێ *دنیایەك لە قووڵایی و مانا و هێز و جوانی* لەنێو دیاردەکانی مێژوودا نیشان بدات، بۆ خۆی پێویستی بە توانایەکی هونەریی مەزنە (Kunstlerische potenz eine grosse)(١٠) و تەنانەت خودی مێژوو دەبێ ببێتە بەرهەمێکی هونەری(١١). ئێمە لە ***لە دایك بوونی تراژیدیا***دا، دەتوانین بەئاکام گەیشتنی توانای خەیاڵی (هونەری)ی خودی نیچە بۆ بنیاتنانەوەی هەلومەرجی مێژوویی ببینین کە بووە هۆی پێکهێنانی تراژیدیای یۆنانی، و هەروەها ببینین کە ئەو چۆن لە بەراورد لەگەڵ پاساوی میتافیزیکییانەی ئەخلاقی سوقراتیدا، ئەم هەوڵە بە بەرگرییەك *لە* ***پاساودانەوەی جوانی ناسانەی*** *جیهان دادەنێ. لە* ***لە دایك بوونی تراژیدیا***دا سێ بانگەشەی گرنگ هەیە کە دوانیان بنەڕەتی ئەم راڤەیەن و بریتین لە:

١- تراژیدیا و هێزی پاساودەری تراژیدیا، کە لە بەراوردی نێوان ئەو شتەی نیچە پێی دەڵێ، بزوێنەری ***دیونیزی و ئاپۆلۆنی***، سەرچاوە دەگرێ.

٢- زاڵبوونی ڕوانگەی سوقراتی بەسەر شانۆنامەکانی ***ئۆرپیدۆتمس***، ئەم ڕوانگە تراژیکەی لەناو برد.

٣-چاخی هەنووکە هەلێکی ڕەخساندووە، هەتا ئەم ڕوانگە تراژیکە لە مۆسیقای واگنێردا، هەر لە سەرەتاوە لە دایك ببێتەوە.

بەو جۆرەی کە دیتوومانە نیچە تێگەیشت کە بانگەشەی سێهەم نامێژوویی و زۆر بێ جێیە و بەم پێیە ڕەتی کردەوە[١٢]. ئەو شتەی لەگەڵ مەبەستی ئێمەدا دەگونجێ، مانای پاساودانەوەی جوانی ناسانەیە کە تراژیدیا ئاراستەی دەکا و نیچە لە بەرامبەر هێرشێکدا بەرگری لەو ڕوانگەیە دەکا کە پێی دەڵێ، هێرشی سوقراتی.

هەڵبەت پێش هەموو شتێك دەبێ بڵێین کە ***لە دایك بوونی تراژیدیا***، لەپێشدا هەوڵدانێکی درەوشاوەیە لە زماناسیی مێژوویدا و بەشێك لە فەرزە فەلسەفییەکانی کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، تا ڕادەیەکی زۆر لە شوپنهاور و واگنێرەوە وەرگیراون، لە ڕاستیدا زۆر دواتر بوو کە نیچە بەوەی زانی کە چ ڕەگەزگەلێك لەم نووسراوەیە دەیتوانی لەژێر باڵی ئەرکی فەلسەفەیەکی گەورەتر بسەلمێندرێ و بەم هۆیە لە دەیەی ١٨٨٠دا پەسەندی کردبوو، ئەم ئەرکەی ناسین و چارەسەر کردنی نەخۆشیی مۆدێرن، نهیلیزم بوو. لە ڕاستیدا ئەم کارە، ناوەندی سەرەکیی تیۆری نیچەیە سەبارەت بە ڕوانگەی تراژیك (تیۆرێك کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە نیشاندەری دابڕانە لە شوپنهاور) کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دواتری نیچەدا پارێزراوە و ئەمە شتێکە کە پێویستە هەڵیسەنگێنین[١٣].

ئەم تیۆرە هەڵگری ئەم بانگەشەیە کە لەناوچوونی قارەمانی تراژێك، نیشاندەری جۆرێك پێویست کردن و قبوولکردنی ئیگزیستەنسە، ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەیە کە بە هیچ چەشنێك بەمانای گۆشەگیریی شوپنهاوریی نییە، بەڵکوو قبووڵکردنی بەهێزی کردەوەیە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وەها زانستێك لەسەر چییەتی (چارەسەر نەبوو)ی

ئیگزیستەنس(١٤). لانیکەم ئەمە هەمان خاڵە کە دواتر نیچە بە سەرچاوەی گرنگی ***لە دایك بوونی تراژیدیای*** دانا. لە خودی ئەم بەرهەمەدا، بەگشتی ڕێژەی نێوان نەرێ و ئەرێ، بەشێوەیەکی خوازەیی باسی لێ دەکرێ (تەنانەت بەشێوەی هونەری)، واتە بە پێی بەراوردی سەرمەستی و ڕاستەوخۆی دیونزی لەگەڵ خولیاکان و سیستماتیك بوونی *ئاپۆلۆنی*، بەڵام هۆگریی سەرەکیی ئێمە (و هۆگریی دواتری خودی نیچە) لەم نوسراوەیەدا، واتە شوناسی هێزی *پاساودانەوەی* هونەر لە سەردەمای مێژوویی، ئاشکرایە.

***یۆنانی ترس و سامناکیی ئیگزیستەنسی دەناسی و هەستی پێ دەکرد. ئەو بۆ ئەوەی بتوانێ بژی، دەبێ خەونی درەوشاوەی لە دایکبوونی خوداکانی ئۆلۆمپی، بخاتە نێوان خۆی و ژیان(١٥).***

بەڵام ئەو خەونە ئاپۆلۆنییەی هونەر، واتە ئەوەی کە نیچە پێی دەڵی ***ڕزگاری لە ڕێگەی گومانەوە***، بەم بانگەشە گوماناوییە کە ئیگزیستەنس تراژیك نییە، نابێتە ڕزگاریدەر، واتە بە هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم حەقیقەتە کە قارەمان دروست بەهۆی هەمان پێناسە و کردەوە کە دەیکاتە قارەمان، دەبێ ئازار بچێژێ(١٦). تراژیدیا پێش سوقرات و شانۆنامەکانی ئورپیدۆس، نیشانی دا کە بۆ باش ژیان دەبێ ماندوو بێت، تەنانەت لە ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ شکستی تراژیك و هەمیشەیی نێوان ئامانجی مەزن. نیچە لە کۆتایی کێشەکەیدا بۆ جارێکی دیکە لە هێزی تراژیدیا بۆ داکۆکی کردن و پاساودانەوەی جوانی ناسانەی (ژیان) بەرگری دەکا، ئەگەرچی ئیگزیستەنسی بێ مەبەستی دیونیزی لەگەڵە.

***مرۆڤێك بێننە بەرچاو کە گوێچکەی لەسەر دڵی جیهان داناوە و لە ناکاو هەست دەکا هەستی پڕ خرۆشی جیهان کە وەکوو ڕێژنە بارانێکی پڕگرمە یان چەمێکی ئارام لە***

***گشت ڕەگەکانی جیهاندا لە گەڕیان دایە لە کیس دەچێ،***
***مەگەر دەکرێ وەها کەسێك لە کوتوپڕ تێك نەشکی***[١٧].

ئەمە شانۆ یان خەیاڵ یان چیرۆکی قارەمانی تراژیکە (خەیاڵ کردن تەنیا ئەو شتەیە کە وەها قارەمانێك هەیە) کە یارمەتیمان دەکا بۆ ئەوەی تێك نەشکێین، تەنیا بەهۆی کردەی قارەمانانە تێك بشکێین و نەك بەپێی باوەڕی ئەو یان نووسەرە، کە مەبەستێکی شاراوەی هەیە و ڕوانگەی ئەخلاقی یان میتافیزیکیی پێوە دیارە. بەم چەشنە فرمێسکی لایەنی *ئاپۆلۆنیی* ئێمە لە سەرلەبەری دیونیزی هەڵدەوەرێنێ و ئیزنمان پێ دەدا هەتا لە تاکبووندا چێژ بدۆزینەوە. لایەنی *ئاپۆلۆنی* دڵسۆزیی ئێمە بەرەو جەماوەر ڕادەکێشێ و بەهۆی ئەوانەوە، هەستی جوانیی ئێمە کە ئاواتی گەورە و مەزنی هەیە، ئەرخەیان دەکا، لایەنی *ئاپۆلۆنیی* وێنەکانی ژیان نیشان دەدا و ئێمە دەوروژێنێ هەتا بە پشتبەستن بە ئەندێشە لە کاکڵی ژیانی نێو ئەو وێنانە تێبگەین (داکۆکی لە لایەن منەوەیە)[١٨].

هەڵبەتە تیۆری نیچە، زۆر زیاتر لەم بانگەشە سەرەکییە داخوازی دەکا. ئەگەر کەسێك دەیەوێ لە ڕوانگەی نیچە دەربارەی مانای تراژیدیا، بەرگری بکا، دەبێ زۆر زیاتر لەم بانگەشەیەی ئەو بدوێ کە هێزی تراژیدیا یان باوەڕمەندییە مێژووییەکەی بۆ یۆنانییەکان لە توانای تراژیدیاوە سەرچاوە دەگرێ هەتا ئاسایشێکی ئەوتۆ مسۆگەر بکا، بەڵام بەپێی مەبەستەکانی ئێمە، هەر ئەم وتەیەی سەرەوە بۆ شیکرنەوەی ئەوە کە نیچە چۆن دەتوانێ *پاساودانەوەی جوانی ناسانەی* ئێگزیستەنس لە تراژیدیامان پێ حاڵی بکا، تەواو و کامڵە. تا بە ئێرە، پاساودانەوەی جوانی ناسانە، دەبێ لە دژایەتی لەگەڵ پاساودانەوەی میتافیزیکی و ئەخلاقی یان فەلسەفی دابنرێ. لە تراژیدیادا ئیگزیستەنس بە بێ ئەوەی پشت بە بنەمای ئاسمانی ببەستێ، هەر لە خۆیدا پاساو دەدراوە، بۆ ئەوە دەبوو کەژیان بکا. ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییە کە قارەمانە تراژیکییەکان هەن ڕەزامەندیییەکی

تـەواو و کـامـڵ بـوو و هـێزی ڕەخـنـە کـردنـی ئـەم ڕەنـگـدانـەوەیـەش ئـەرخـەیـانـبـەخش بـوو، وەهـا تـیـۆرێك تـەنـانـەت لـە ڕێی دژایـەتیی نێوان ڕوانگەی تراژیك و ڕوانگەی سۆقراتیدا ئاشكراتر دەبێ.

لە خشتەی دوازدەی ***لە دایك بوونی تراژیدیا***دا، داخوازی نیچە دەربارەی مەرگی تراژیدیا بە ڕوونی نیشان دراوە:

> **جیاكردنەوەی ئەم توخمە دیونیزیە سەرەكی و بەهێزە لە تراژیدیا و داڕشتنەوەی تراژیدیا بە پێی ئایدۆلۆژیا وهونەر و ئەخلاقی نادیۆنیزمی، هەمان پەیڕەوكردنی ئۆرپیدۆسە كە هەنووكە بۆ ئێمە ئاشكرا دەبێ (ئەمە داكۆكی كردنی منە)**[١٩].

ڕوانگەی تراژیك لە لای سوقرات و ئۆرپیدۆس كە لەژێر كاریگەریی سوقراتدا، ناتەواوە و تراژیدیا ناتوانێ ڕوانگەی خۆی دەرببڕێ و بەرگری لـە خـۆی بـكـا، بـەڵـكـوو تـەنـیـا دەتـوانـێ نیشاندەر بێ و بە پێی جۆری حازربوونی خۆی، بینەر ڕازی بكا. سوقرات بە پێداگری خۆی لەسەر پاساودانەوەی ئەقڵی، ڕوانگەی تراژیكی ناچار كرد هە*تا* **بە *بازدانێكی مەرگاوی، خۆی بخاتە ئامێزی شانۆی بورژوازییەوە*.**

سەرنج بدەنە ئاكامی ئامۆژگارییە سوقراتییەكان: مەزنی، *زانایییە، مـرۆڤ تـەنـیـا لـە ڕووی نـەزانـیـیـەوە تـووشی تـاوان دێت، مـرۆڤـی زانـا* بەختەوەرە. مـەرگی تـراژیـدیـا لـەم سێ فـۆرمـە سەرەكـیـەی گەشبـیـنیدا شاراوەیە، چونكە قارەمانی زانا دەبێ لە دیالیكتیكدا توانا بێ[٢٠]. یان بە واتایەكی سادەتر، پرسیار لەوەی كە ئایا شانۆی تراژیك دەبێ ئێمە ئاسوودە بكا، بۆ خۆی لەناوبەری بواری ئەزموونی تراژیكە و بە واتا سوقراتییەكەی، سەرچاوە بوونی فەرهەنگی ئەم ئەزموونە بە فەلسەفە دەسپێردرێ[٢١].

لە ***لە دایك بوونی تراژیدیا***دا، نیچە ئەمە دیاری ناكا كە گۆڕانی فۆرمی

سوقــراتــیــی پــاساودانــەوەی جــوانــی نــاسانــە و جــێنشیــن کــردنــی پاساودانەوەیەکی ئەخلاقیی پشت ئەستوور بە ئەقڵ، چ کەموکوڕییەکی هەیە؟ هەرچەندە لە هەموو شوێنێکدا شێوەی دەربڕینی نیچە، نیشانەری وەها کەموکوڕییەکە. نیچە بە تایبەتی لە بەشی ١٥دا ئاماژە بە گەشبینیی خۆی دەربارەی ڕەخنە لە سوقرات دەکا. نیچە بە ئاشکرایی کەوتووەتە ئەم گومانەوە کە زەینیەتێك لە پاساودانەوە کە هێزی پاساودانەوەی جوانی نــاسانــەیــە، نــاتــوانــێ بــەڵێنــەکــانی بــە ئــاکــام بگــەیــەنــێ و شکست دەخوا و دەرەنجامی بەرچاوی ئەم شکستەش دەرکەوتنی گاڵتەکردن یان ڕەشبینیی سەردەمای نوێیە. **سوقرات ئەم *ناسێنەر* و *دامەزرێنەرەی زانست*، میراتێکی بەجێ هێشت کە بە *شێوەی خۆڕانەگر* بەرەو سنوورەکانی خۆی ڕادەکا، بەرەو شوێنێك کە لەوێدا گەشبینیی ئەم میراتە شاراوە لە زاتی مەنتیقدا تێك *شکا*** (٢٢).

ئێستا بە پێی نموونەی ئەو کورتە باسەی لەسەر هەڵوێستی نیچەیە، دەبــیــنــیــن کــە پــێوەنــدی و نــزیــکــایــەتــیــی بــانــگــەشــەکــانی **نیچە** لەگەڵ پرسیارەکانی پێشووتری ئێمە چۆنە. دیارە ئەو شتەی کە نیچە لە ڕوانگەی تراژیکدا ڕێزی **لێ دەگرێ**، هێزەکەیەتی، خۆ ئامادەکردنێکە بۆ باش ژیان کە هیچ پێویستییەکی بە ئاسوودەیی میتافیزیکی یان ئەخلاقی نییە. لە ڕاستیدا ڕێگایەك بۆ دیتنی گرنگیی میراتی مۆدێرنیستی ئەم چەمکە، سەرنجدانە بەوەی کە ***هایدگێر*** چۆن دواتر ئەم لایەنەی پاساودانەوەی جوانی ناسانە داگیر دەکا و لە فەلسەفەی خۆیدا بە نێوی چەمکی ئیرادە (resolution) مانای دەکاتەوە(٢٣). نیچە سەبارەت بەو شتەی کە بە پێی وەها ڕێنوێنییەکی میتافیزیکی یان ئەخلاقی، باش ژیان، بە ڕاشکاوی هــیــچ شتــێك نــادرکــێنــێ، بــەڵام بــە ڕوونــی دەڵــێ کــە تــەنــیــا بــەشێك لــە بایەخەکان لەگەڵ ئەم جۆرە **هێزە** دەسازێن و لە پشت **چاکە و خراپەوە** ئاماژە بە بەشێك لەم ئاوەڵناوانە دەکا، وەکوو بوێری، پاکی، لەخۆبایی

بـوون، بـاوەڕ بـە خـود و دەست ئـاوالآیـی[٢٤] و بـە پێچـەوانـەی ئـەوەش، وێدەچێ کە وەڕسووڕانی سوقراتی هەر لە سەرەتاوە نیشانەی بێ باوەڕی و لاوازیی لە ڕادەبەدەر نیشاندەری نیازێکە کە چارەسەر نابێ.

هـەرچۆنێك بێ، ئێستا بۆمـان هـەیە هەست بە گرنگیی پێوەندییەك بکەین کە پێمـان وابوو لە فەلسەفەی نیچەدا هەمیشە بەشدارە و ئەویش پێوەندیی نێوان مێژوو و بواری پاساودانەوەیە. هەرچەندە نیچە، هێرشێکی گرنگ دەکـاتـە سەر عـادەتـی سوقـراتـی، بـەڵام شتـێکی کـە هـەمـیشە بـە تـەواوی فەرامۆش دەکرێ. ئەمەیە کە نیچە ڕوانگەی سوقراتیی بە پێویستییەکی مێژوویی دادەنا[٢٥] و پێی وا نەبوو کە سوقرات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵە دەکا و یان بە تەواوی هەوڵێکە لە لایەن خودی خۆیەوە و ئیرادەی ڕووە و دەسەڵاتی خۆی، بۆ ئەوەی دژەکانی ناچار بە شەڕ بکا، ئەویش بە چەکێك کە ئەو دەیزانی چۆن بەهۆی ئەو چەکەوە سەرکەوتوو بێ.

بۆ نموونە، هەر بەو جۆرەی کە لە شوێنێکی تردا دیارە، نیچە بەشی یازدەهەم بەم داخوازییە کە سوقرات و ئورپیدۆس تراژیدیایان کوشت، دەست پێ ناکا بەڵکوو بانگەشەی ئەمە دەکا کە:

> تـراژیدیـای یـۆنـانـی ئـاکـامێکی جیـاوازی لـەگـەڵ ئـاکـامـی خـوشکـە گـەورەکـانـی بـوو: تـراژیـدیـا لـە ئـەنجـامـی دوژمـنـایـەتـیـیـەکی چـارەسەر نـەبـوودا خـۆکوژیی کرد، بـەشێوەیەکی تراژیك مرد...[٢٦]

دواتر ئەو دانی بەوە دانا کە سوقرات نابێ تەنیا بە بۆنەی تێگەیینی زانستییانەی ئێگزیستەنس سەرکوت بکرێ:

***لـە نـێوان ئـایـدۆلـۆژیـای تـیـور و ئـایـدۆلـۆژیـای تـراژیکدا ناکۆکییەکی تاهەتایی هەیە و تا کاتێ شوێن پێی ڕۆحی زانست تا دوا سنوورەکانی هەڵنەگیرێ و بانگەشەکەی بە***

***پێی گشتی و گشتگیر بوون، بە دەستی بەڵگەکانی بەرهەمی ئەم سنوورانە لەناو نەچووبێ، هیوایەك بۆ لە دایك بوونەوەی تراژیدیا نییە***(٢٧).

بەو جۆرەی کە دیتمان نیچە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو شتە گۆڕی کە هەلومەرجی مێژوویی هەنووکە دەیەوێ، بەڵام ڕاڤەی لەم جۆرە، لانیکەم ڕوونی دەکاتەوە کە نیچە بەگشتی ئەم جۆرە هەلومەرجە مێژووییییە بە توخمەی زاتیی ئەگەری بوونی دەرفەتی هەرچەشنە پاساودانەوەیەك دادەنێ(٢٨).

ئێستا دەبێ باشتر ڕوون ببێتەوە کە مەبەستی نیچە لە پاساودانەوەی جوانی ناسانە چییە، نیچە لانیکەم ئەمە نیشان دەدا کە چۆن دەتوانین ئەو شتە هەڵسەنگێنین کە پێی دەڵێین سەرچاوەی مێژوویی بەرهەمێکی کەلتووری وەکوو شانۆ یان ئاین، ئەمە پێش هەموو شتێك نیشاندەری ئەوەیە کە هێزی ئەخلاقی و بە ناوەندبوون یان گرنگیی گشتی پەیوەست بەم جۆرە بەرهەمانە، پێویستی بەو لێکدانەوەیە هەیە کە لە تێگەینی وەها بەرهەمێکدا سنووری خۆی دەبەزێنێ یان لانیکەم خۆی ناخاتە چوارچێوەیەك، بە وتەیەکی دیکە، ئەمە لایەنی ***هێگلی ئەندێشەی نیچە***یە. خواستی خودی نیچە، واتە مانای تراژیدیای یۆنانی هەڵگری (ڕەشبینیی هێز)ە، نموونەیەك لەو جۆرە *گۆڕانەی خوازە*یە کە پێی دەگوترێ تراژیدیا(٢٩). عادەتی سوقراتی لەپێشدا نابێ بە دۆزینەوەی عەینیی فەلسەفە دابنرێ، بەڵکو دەبێ بە خۆکوژیی *چاخی تراژیکی* یۆنانیان بزانرێ و خواستی بەهێزتر و دواتری نیچە؛ واتە فەلسەفەی سوننەتی و مەسیحی، **تۆڵە سەندنەوەیە**کە لە ژیان، ئەمە بانگەشەی نیچەیە و لەم جۆرەی ***گۆڕانی خوازە***ییە. ئەم چەشنە داخوازییانە کە لەم دەرکەوتنانە دەدوێن نیشاندەری دەرکەوتەکانی جوانی ناسانەن. بێگومان ئەمە بەم مانایەیە کە ئەم دەرکەوتانە پێویستیان بەم چەشنە ڕاڤانە هەیە و لە

دیدی مێژووییەوە، وەها ڕاڤەیەك دەبێ زانستی بێ و دەبێ بەشێوەی ڕەخنەگرانە هەلومەرجی مێژوویی گەیشتنی ئەم دەرکەوتانەی بە سەرچاوەی مێژوویی دیاری بکا، بەڵام وەها داخوازییەك هەڵگری ئەم فەرزەی پێشووە کە تێگەیشتن لە هەر سەرچاوەیەکی لەم چەشنە، دەبێ بە پاڵپشتی نموونە یان مۆدێلی ئەرخەیانبەخشی **جوانی ناسانە** بێ (ئەم لایەنەی ئەندێشەی نیچە دژی هێگلە)[٣٠]. واتە بانگەشەی نیچە ئەوەیە کە ئەگەر هەموو هانا بردنەکانی دیکە بۆ وێنە بۆ سەرچاوەی گشتیی (ئەقڵ) یان هۆیەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئابووری لە ئاستی پێوەرەکانی پاساودانەوە دابنرێن، تەنیا لە دیدی جوانی ناسییەوە پاساو بدرێنەوە. بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی قبووڵکردن یان وەرگرتنی ئەم چەشنە هۆگریانە هیچ ڕێیەك نییە مەگەر بە پێی نموونەی قبووڵکردن و ڕازیکردن لە بەرهەمی هونەریدا.

هەڵبەتە ئێستا چەند پرسیارێکی جیددی هەروا بێ وەڵام ماونەتەوە کە دوو پرسیاریان گرنگترن، دیارە هەموو کەس دەیەوێ بزانێ نیچە چۆن بانگەشەی ئەوە دەکا کە ڕاڤەکەی لە مانای جوانی ناسانەیی ئەم جۆرە بەرهەمانە دروستە؟ ئەو چۆن کلیلی وەها ڕەمزگەلێکی دەرکەوتخوازانەی دۆزیوەتەوە؟ دوای دۆزینەوەی ڕەمزەکان، چۆن دەتوانێ بانگەشەی ئەمە بکا کە لە دیدی جوانی ناسییەوە بەشێك لەو ڕەمزانە لەوانیتر سەرترن؟ لە لایەکی دیکەوە، ئێمە هێشتا نیازمان بە بابەتێکی سەربەخۆ هەیە، واتە ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنەی هەوڵەکان بۆ پاساودانەوەی جوانی ناسانە، تاکە جۆری هەڵسەنگاندنە و یان لانیکەم سەرترین جۆرە. تەنانەت ئەگەر عادەتی سوقراتیە کولتووری یۆنانی هەر بەهەمان واتا بێ کە نیچە دەڵێ، ئایا بەو مانایەی کە سوقرات هەڵە دەکات؟ وتەیەك کە پێی وایە بایەخی هەموو بانگەشەیەك دەروەستی توانای خودی تاکە بۆ جیاکردنەوە یان بەرگرییەکی ئەقڵییە لەو بانگەشەیە؟[٣١] ئێمە دەتوانین بۆ هەڵسەنگاندنی

وەڵامی نیچە بە پرسیاری یەکەم، سەرنج بەوە بدەین کە ئەو چۆن لە راڤەی خۆی دەربارەی مەسیحییەت؛ واتە تۆڵەسەندنەوە لە ژیان بەرگری دەکات و دواتر دەتوانین وەڵامی نیچە بە پرسیاری دووهەم هەڵسەنگێنین و بزانین کە چۆن لە چوارچێوەی پرسپێکتیڤیزمی کامڵدا، بانگەشەی خۆی سەبارەت بە چییەتی جوانیناسانەی هەموو دامەزراوە دەستوورییەکان هەمەگر دەکا.

## ٣

لە لێکدانەوەی پرسیاری دووهەمی نیچە، لەپێشدا، دان بەم بابەتە ڕوون و ئاشکرایە دادەنێین کە: ئەم ڕووتێکردنە لە بیرۆکەی نیچە تا ڕادەیەکی زۆر مانای ئاراستەکراوی خۆی لەو بابەتانە وەردەگرێ کە بە شێوەی سوننەتی بە یەکێك لە ئەرکەکانی ***هێرمونوتیك*** دادەنرێ(٣٢)، بەم ڕوانگەیەوە سەیر نابێ کە پێشەکیی بنەڕەتیی وەها تیۆرێکی راڤەی، ببێتە پێشەکیی سەرەکیی زۆربەی تیۆرە هێرمونوتییەکانی هاوچەرخ، واتە مێژوومەندیی –بوونی مرۆڤ(٣٣).

بەم بۆنەوە من تیۆری نیچەم دەربارەی راڤە، بەشێوەی پێکهاتە (structural) یی لێکداوەتەوە نەك بەشێوەی بەدیهاتن. بەم مانایە کە ڕووتێکردنی نیچە لە تراژیدیا، واتە کێشەی جوانی ناسانەم کردووەتە نموونەی خۆم و بانگەشەم ئەوە بووە کە وەها ڕووتێکردنێك پێویستی هەیە بەچەشنێك فەلسەفەی مێژوویی و بەم کارە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، حاشام لەوە کردووە کە نیچە دەیەوێ تیۆرێکی دەروونناسی دەربارەی سەرچاوەی دیاردەکانی جێی سەرنجی خۆی نیشان بدا. هەرگیز کێشەکە ئەمە نییە کە بانگەشەی نیچە ئەوە بێ کە بابەت گەلێك وەکوو ڕاستە و چاکە کاریگەرییەکی دەروونییان هەیە و لە ڕاستیدا بە مانای *کاریگەری هێز زیاتر دەکایە* و بەم پێیە ئێمە دەتوانین لە دیدی دەرونییەوە ئەم کاریگەرییە زیاتر بکەین. بەڕای من تەنانەت خودی نیچە– ش ئەم

خـواسـتـانـەی دواتـر (کـە بـە دڵـنـیـایـی جـار نـا جـارێك دەریدەبڕێ)، بـە خـوازەگـەلـێك دادەنـا (نـەك شیـکـردنـەوەی زانستـی)، کـە سەرچـاوەی مێژووییـان تەنیا لە چاخی زانست خوازی دابوو(٣٤).

هـەرچـۆنـێك بـێ، لێرەدا پۆلێنبـەندیی تیـۆریـانـەی ئـەم چـەشنـە تیـۆرە هیرمونۆتیکی و داهێنەرانەیە بەجێی ڕاڤەکردنیان، درێژخایەن دەبێ، چونکە ئێستا خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە نیشانی بدەین ڕوانگەی یەکەم لە بەراورد لەگەڵ ڕوانگەی دووەم تا چ ڕادەیەك، واتا بە بانگەشەو شێوازی ڕاستەقینەی نیچە دەبەخشن. ئێمە دەتوانین بە سەرنجدان بە تێگەیشتنی نیچە لە پرسپێکتیڤیزم، درێژە بەم کارە بدەین. چونکە وەها لێدوانێك لە ***زانست ناسیی*** *ئەخلاق* cognetive ی نیچە بە ئاشکرایی بووەتە پاژی سەرەکـیـی ئـەم بـابـەتـە گشتییـەی ئـەو کـە بـە پێی پـاژی نـاوبـراو هـەوڵـی سوقراتی یان فەلسەفی بۆ دۆزینەوەی هۆکار یان سەلماندنی ڕوانگەیەك نـاتـوانـێ سەرکـەوتـوو بـێ، وا دیـارە بـاشتـرین پێنـاسـەی ***زانست نـاسیی ڕێژەیی بین، لەو پەڕی چاکە و خراپەوە*** ئەنجام دەدرێ، بە تایبەتی لە بـــــەشی سەرەتـــــادا لـــــە ژێر سەردێڕی *دەربـــارەی* پێشداوەرییەکانی فەیلەسوفان، هەر لێرەدا ئاماژە بە بەشێك لە ناودارترین ڕستەکانی نیچە لەسەر ئەو جۆر پرسپێکتیڤیزمە دەکرێ، ئەو لە بڕگەی چاردەدا دەنووسێ:

> ***ڕەنـگـە ئـێـسـتـا تـەنـیـا پـێـنـج شەش کـەسێك بـیـریـان لـەوە کردبێتەوە کە زانستی فیزیاش تەنیا تەئویل و ڕاڤەیەك بێ لە جیهان (کە لەگەڵ ئێمە دەگونجێ) و نەك شیکردنەوەی دنیا***(٣٥).

بە ئاڕاستەکردنی ئەم جۆرە بانگەشانە، درێژە بەم بەشە دەدرێ و بوونی هەر شتێك هەر لە خۆیدا ڕەتدەکرێتەوە و حوکم بۆ ئەوە دەدرێ کە چەمك گەلێك وەکوو *ناسیاو* و *ئیختیار* شتێك نین بێجگە لە **ئەفسانە** و **ئوستوورە** و بـانـگـەشە دەکرێ کە بۆچوونی زانـایـانـی فیـزیـا دەربـارەی ئـاهـەنگی

سروشت یان یاسا، تەنیا راڤەیەکە و هیچ دەقێکی بۆ مسۆگەر نییە و لە ڕاستیدا راڤەیەکی خراپە. نیچە لە سەرانسەری ئەم بۆچوونەدا، هەمیشە دەگەڕێتەوە سەر ئەم بۆچوونە و بانگەشەکانی خۆی دەربارەی چییەتی پرسپێکتیڤیزمانەی تێگەیین و زانست گشتگیر دەکا، هەتا بایەخدارکردنی ئەخلاقیش وەخۆ بگرێ، هەر بەو جۆرەی کە لە بڕگەی ١٠٨دا دەڵێ، شتێك بەنێوی دەرکەوتە ئەخلاقییەکان بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا چەشنێك راڤەی ئەخلاقیی دەرکەوتەکانە[٣٦]. هەر چۆنێك بێ، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بۆچوونی نیچە، دەبێ بە پارێزەوە بڕوانینە ئەو خاڵە کە نیچە چ جۆرە تیۆرێك ئاڕاستە دەکا.

یەکەم ئەوەی شاهیدێك نییە نیشانی بدا کە نیچە لە ئاست ئەو بۆچوونە لە ڕادەبەدەر ڕیشەیی و شێواوە دا بەڵێندەر بێ کە تەنیا راڤەکان هەن و نەك ڕاستەقینەکان، یان ئەوەی کە هیچ ڕاستەقینەیەك نییە. وەها بۆچوونێکی توندوتیژی پروتاگۆری، لە کاتێکی دیاریکراودا هەموو چەشنە بانگەشەیەك دەخاتە پاڵ ڕوانگەی چاودێرێکی تاك و دەیکاتە ڕێژەیی و لەسەر ئەوە داکۆکی دەکا کە هەڵگری ڕاستەقینە هیچ کات ناخرێتە نێو بانگەشەی هەموو کەسێکەوە، مەگەر بەو مەرجەی کە لەو سەردەمەدا، ڕاستەقینەیەك بۆ ئەو کەسە هەبووبێ. وێناچێ کە وەها تیۆرێك هێز بۆ *ڕاستی یان درۆ* بەجێ بێڵێ، لە ڕاستیدا بە پێی ئەم تیۆرە هیچ شتێك بە ناڕاست دانانرێ، تەنانەت باسکردن لە راڤە قسەی لەسەرە. لە ڕاستیدا پرسپێکتیڤیزمی نیچە ئەو شتە بە ڕێژەیی دادەنێ کە ئێمە هەنووکە تەنیا بە مانایەکی گشتی و **زانست ناسی** پێی دەڵێین ***هەلومەرجی ڕاستی***، واتە نیچە بە زمانی باوی هاوچەرخ زیاتر لە هەر شتێك بانگەشەی هەڵوێستێکی دژی واقع خواز دەکاو بەم مانایە کە هەموو وتەیەك دەربارەی *هەلومەرجی ڕاستی* یان دەربارەی *بایەخی* دەروونی، دەبێ بە سەرنجدان بە پێوانەکانی ئێمە بۆ قبووڵکردنی کارێك یان بایەخێك، ببیتە ڕێژەیی[٣٧].

به پێی ئەم بۆچوونە، هەڵسەنگاندنی ئەمە کە شتێك ڕاستە یان چاکە، هیچ کات سەربەخۆ لە کۆیەك لەو بنەما گشتییانەی کە گەرەنتی کارن، واتە پێوانەکانی ڕاستی یان چاکی، ئەنجام نادرێ و لەم بنەمایانە وەکوو شێوەی دروستی دەستنیشانکردنی ئەو حوکمانەی لە زاتی خۆیاندا ڕەنگدانەوەی شتەکان نیشان دەدەن، بەرگری ناکرێ، چونکە تەنیا بە پێی پێوانەکانی ڕاستی یان بانگەشە بایەخییەکان، بەرگری لەم بانگەشانە دەکرێ یان جەختیان دەخرێتە سەر. لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی وەها بوارێك و تەنیا لەم بوارەدایە کە دەتوانرێ لەسەر ڕاستی و درۆ، چاکە و خراپە قسە بکرێ.

زۆر جاران وێدەچێ کە مەبەستی نیچە لە پرسپێکتیڤیزم لانیکەم لە سەرەتادا، هەر ئەوە بووە و بابەتێکی بەرچاو وەکوو ***هەموو شتێك نادروستە***، یان ***هیچ شتێك حەقیقەتی نییە***، دەبێتە هۆی زیاتر بوونی لێڵی و شاراوەیی بابەتەکە. بەڵام هایدگێر بە دروستی ئاماژە دەکا کە وادیارە لە هەموو بوارەکاندا بنەمای دەستنیشانکردنی ئەم داخوازییانە لە لایەن نیچەوە، بەکارهێنانی مانای ***ئەفلاتونی*** یان بێ ئەملا و ئەولای چەمکەکانی ***ڕاستەقینە و چاکییە***، ئەو چەمکانەی کە لە پرسپێکتێڤ یان *واقع خواز* جیاوازترن(٣٨). بە پێی ئەم بۆچوونە و بە فەرزکردنی ئەم بابەتە مەحاڵەیە کە نهیلیزم بە ئاکام دەگەیەنێ، واتە ***هیچ شتێك حەقیقەتی نییە***، هەموو *شتێك نادروستە*. نیچە پێیوایە کە بە مەرجی ڕەهابوون لەم فەرزە ئەفلاتونییەیە کە دەتوانین بەسەر نهیلیزمدا زاڵ بین و بەڵێنی خۆی بە ڕوانگەی ئەفلاتونی نیشان داوە، باوەڕی بە ڕێژەیی نیشاندانی نهیلیزم، بەرهەمی بێهێز بوونی گریمانە ئەفلاتونییەکان نییە.

بەڵام ئەم لەمپەرە، ئەم کێشەیە زەق دەکاتەوە کە ئێمە لە بەرامبەر ئەم بنەما گشتییە گەرەنتی کارەدا کە هەموو پرسپێکتیوێك پێناسە دەکا، چ بکەین؟ لە پلەی یەکەمدا، بە وەبەرچاو نەگرتنی گشت ئەم کێشانە

سەرنجی نیچە بۆ ئەم خاڵە ڕادەکێشێ، دەبینین کە نیچە لەسەر ئەم چەشنە پرسپێکتیڤانە **فرەبین** نییە[٣٩]. و نە تەنیا دەیەوێ لە ئاکاری ئەفلاتوونی کە لە چییەتی پرسپێکتویڤیزمی خۆی خافڵە، ڕەخنە بگرێ، بەڵکوو بە ئاشکرایی دەیەوێ باقی پرسپێکتیڤە جیاوازەکان هەڵسەنگێنێ یان ڕەتیان بکاتەوە. نیچە بە بێ مشتومڕی وێرانکارانە لەگەڵ گومانکاران (زیرەك نوێنانی بیرتیژ)، لەگەڵ ئەزموونخوازان (میکانیکە ناشارەزاکان) و ئەڵمانییەکان (دڵسۆز، بێ هەڵوێست، گەمژەی شاعیر پیشە) و بەبێ تاوانبارکردنی مەسیحی بوونی *ئوروپایی*، دەبووە نووسەرێکی سەربار. بۆ وێنە:

***ئێوەی گەمژە، ئێوەی گەمژەی بێ چاو و ڕوو و دڵناسك،***
***چیتان کردووە! ئایا ئێوە واتان کرد؟ بەردی جوانی منتان***
***چ ناشرین کردووە و تێکتان داوە! چەند بێ شەرمن!***[٤٠]

ئاشکرایە کە کێشەی چییەتی بەرگریی نیچە لەم چەشنە بایەخدانانە واتە لەم بابەتەدا (کێشەی سەرەکی)، هێشتا چارەسەر نەکراوە، بەڵام لانیکەم دەزانین کە ئەو بە ڕوونی نیازی بە وەها بەرگرییەك هەیە و ئەم بەرگرییە بە پشت بەستن بە جۆرێك حەقیقەتی سەربەخۆ لە پرسپێکتیڤ یان شیکردنەوەی سەرچاوە یان داهێنانی ئەم چەشنە پرسپیکتیڤانە ئەنجام نادرێ.

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم کێشەیە، دەبێ سەرنج بدەینە چەند لەمپەری گرنگی تر دەربارەی پرسپێکتیڤیزم. جاری وایە لە راڤەیە کەسانێك وەکو ***ژان گرانیە*** و ***ئارتور دانتۆ***دا دەخوێنینەوە کە لە ئەندێشەی نیچەدا، پرسپێکتیڤیزم بەو واتایەیە کە ناسێنەرەکان ڕێکوپێکییەك بەسەر ئەو شتەدا دەسەپێنن کە لە نێو خۆیدا بەشێوەیەکی نا جیاواز و بێ چوارچێوە و بێ مەبەستە و لە ڕووی ترسەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، چونکە هەر بەو جۆرەی کە هەیە، ناتوانن ئەم جیهانە شێواوە قبووڵ بکەن

و پێویستیان بەوە هەیە کە خۆیان ئاسوودە بکەن[٤١]. بەم پێیە ***گرانیە*** دەنووسێ:

**هەقیقەت نیشاندەری بوونی شێواوی قووڵاییەکی بێ بنچینەیە، ئەگەر دەمامك هەمان جوانییە، حەقیقەتیش هەمان ناشیرینیی بشێوییە[٤٢].**

گرانیە بۆ وەسفی ئەم داسەپاندنە پرسپێکتیوانەیە لە خوازەگەلێك وەکوو ***هونەرمەند و بەرهەمەکەی*** یان ***پەیکەرتاش و جەستە بەردینەکەی***، کەڵك وەردەگرێ. ***دانتۆ***ش باسی خوازەی داسەپان و چەمکی نزیك بەو دەکا، واتە لەو دنیایەی کە دەست پێی ڕاناگا و وەکوو دەریایەکی ڕەش دەلرفێنێ، جیهانێکە کە لە بەراورد لەگەڵ جیاوازییەکانی ئێمەدا، شێواو و ئاڵۆزە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە بوونی هەیە. *دانتۆ* باسی ***تەنیایی هەمیشەیی*** *دەکا* کە یەکەمینەو بێ جیاوازیی دانان لە ناخی *دیونیزی*[٤٣] دەدوێ.

دۆزینەوەی چەمك کە بۆچونێکی ئاوا قبووڵ بکا دژوار نییە[٤٤]، بەڵام ئەگەر ئەم راڤەیەی تا بە ئێرە ئاڕاستەمان کردووە، تا ڕادەیەك دروست بێ، بۆ جارێکی تر ئێمە لەگەڵ سێ هەڵە ڕووبەڕوو دەکاتەوە. یەکەم ئەوەی وێدەچێ ئەم راڤەیە جۆرێك میتافیزیکی سروشت یان بۆچوونێکی هیراکلیتی دەربارەی دنیای *"في نفسة"*، دەخاتە ئەستۆی نیچەوە و بەمجۆرە هەڵوێستێك دەگرێ کە بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونی خۆی لەسەر گشتی بوونی خودی پرسپێکتیڤ، ناسازێ.

گرانیە ووتەیەکی نیچە دەگێڕێتەوە کە دەبووایە بیری لە راڤەیی خۆی لەسەر نیچە بکردبووایەتەوە.

***ئێمە ئیتر پێمان وانییە کە حەقیقەت بە لاچوونی ڕووبەندەکان ئاشکرا دەبێ، بە پێی ئەمجۆرە باوەڕە ئێمە زۆر ژیاوین.***

من پێم وایە کە ئەم وتەیە و باقیی ووتەکانی تر ئەمە نیشان نادەن کە نیچە ویستوویەتی میتافیزیکی دژ بە پرسپێکتیڤ ئاڕاستە بکا، بەڵکوو

مەبەست لە بانگەشەکانی نیچە دەربارەی بوونی شڵەژاو کە لەوپەڕ یان پشتەوەی پرسپێکتیڤ، ئەوەیە کە دەبێ ئەو بانگەشەیە بەهێز بکرێ کە باسی نائاقڵانە بوونی وەها دنیایەکی *فی* نفسە دەکا، نیچە سەرنج بەمە نادا کە شێواویی ***سەرەتای*** هەقیقەت، *دنیای فی* نفسەیە (و ئێمە پێمان وایە کە وەهایە)، بەڵکوو مەبەستی نیچە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین واتایەکی تر بخەینە پاڵ چەمکی دنیای سەربەخۆ لە پرسپێکتیڤ (ئەو شتەی کە شێواو و ئاڵۆزە، چەمکی جیهانێکی ئا بەمجۆرەیە)، هەوڵدان بۆ وەبەرچاو نەگرتنی پرسپێکتیڤ، هەمان هەلومەرجە کە پێویستە هەموو شتێکی بۆ بناسرێ. ئەم هەلە بەمانای تاقیکردنەوەیەکی فکری (Gedan KenexPeriment)[٤٥] یە کە تێیدا هەر بیر لەو شێوابییە دەکەینەوە کە ئێمە قبووڵمانە. تەنانەت لە ***لە دایك بوونی تراژیدیا***شدا، کە ڕنگە لە ڕواڵەتدا ڕوانگەی ***گرانیە*** و ***دانتۆی*** پێ قبووڵ بێ:

ا- نیچە لە هەموو شوێنێکدا پێی وایە کە حاڵەتی دیونیزی هەر لە خۆیدا حاڵەتێکی مەحاڵە. حاڵەتێك کە بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە، ئەمەش نەك بەو هۆیەی کە ئەو شتە هەیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئێمە هەین.

ب- خودی هەلومەرجی دیونیزیش بە *ئەسڵ* یان *نوسخەی ئەسڵی* دانانرێ، چ بگا بەوەی هەلومەرجی ئاپۆلونی وینە (یان بەدڵ)ەکەی بێت، بەڵام بارودۆخی دیونیزی جۆرێك بۆچوون، ڕوانگەیە یان ڕەخنەیە.

دووهەم، ئەوەیە کە وێناکردنی داسەپاندنی (پرسپێکتیڤ)، هەڵگری وێنەیەکی زۆر زەینی لە چۆنیەتی بەهێز کردنی پرسپێکتیڤ: بەپێچەوانە لە بڕگەی بیستەمی بەشی یەکەمی **ئەوپەڕی چاکە و خراپە**دا ئەمە ڕوون دەبێتەوە کە لە ویست و ئیرادەی تاکەوە واتا یان باسی پرسپێکتیڤ سەرهەڵنادا. بەم پێیە ئەوەی کە چ شتێك دەتوانێ بەشێك لە پرسپێکتیڤ بێ یان نەبێ خۆی لە خۆیدا دەروەستی مەنتیقی واتاناسییە. بێجگە لەمە

خاڵی تر هەبوونی شتێکە کە لێکۆڵەرێك پێی دەڵێ: مەی*دانی* یەکگرتوو[٤٦] یان ئەو شتەی ئەمڕۆ تاقمێك پێی دەڵێن تیۆری تورەیی واتا. بانگەشەی خودی نیچە لەسەر ئەوەیە کە لە وەها پێکهاتەیەکدا، ***تەلیسمی شاراوە*** هەیە، *تەلیسم* ێك کە بە وتەی خۆی هەمان پێکهاتە و ڕادەی سیستیماتیك و تیۆریانەی واتاکانی هەموو پرسپێکتیڤێکە[٤٧]. لە ڕاستیدا نیچە لەشوێنێکدا ئەم خاڵە بەجۆرێك شی دەکاتەوە کە دەڵێ ***لوویی شترۆس*** نووسیویەتی و ویستوویەتی ئەمە نیشان بدا کە *پێکهاتە لە پێشەوەی* ***ناسیاو*** *یان* ***ناسێنەرەو*** هەروەها دەبێ بۆ ئەم پێکهاتەیە خۆمان لە چنگی وێنای هەبوونی نوسەرێك ڕزگار بکەین، سەرجەمی ئەم تێبینییانە تا ڕادەیەکی زۆر قورسایی خوازەیی چەمکی ناسیاوی پێکهێنەری پرسپێکتیڤ کەم دەکاتەوە[٤٨].

خاڵی سێهەم کە بەجۆرێك پەیوەندیی بەدوایین خاڵەوە هەیە، ئەوەیە کە لەوەها بۆچوونگەلێك دەربارەی پرسپێکتیڤیزمدا، چاوپۆشی لەو شتانە دەکرێ کە لە سەرلەبەری باسەکەماندا داکۆکیمان لێ کردوون، واتە لەوە کە ناتوانین پرسپێکتیڤەکان لە هیچ بخولقێنین. سەرچاوە و واتای ئەوان دەروەستی مەرجێکی مێژوویی ئاڵۆزە کە بەبێ (ئەو مەرجە)، لەم چەشنە پرسپێکتیڤانە حاڵی نابین. بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە و چوونەوە سەر کێشەی پاساودانەوەی ئەم چەشنە پرسپێکتیڤانە دەتوانین بگەڕێینەوە سەر ڕوونترین نموونەی هەردووکیان، واتە بگەڕێینەوە سەر تێگەیشتنی نیچە لە مەسیحیبوون وەکوو ئەخلاقی کۆیلەکان، کە دەبێ بە دیارترین نموونەی کەڵك وەرگرتنی نیچە لە راڤەی مێژوویی ***ڕەچەڵەکناسی*** بۆ شیکردنەوەی واتای پرسپێکتیو و بایەخدانان و هەڵسەنگاندنی ئەم چەشنە تێڕوانینانە دابنرێن.

## ٤

تـا بـەئـێرە، ئـەو راڤـەیـەی بـەرگریـمـان لـێ کردووە ئـەمـەیـە کـە نـیچـە شیکردنـەوەی ئـەگـەری بـوونـی مـەرجـە مێژووییـیـەکـان کـە بـۆ هـەبـوونـی هـەمـوو پـرسـپـێکـتـیـڤـێك پێویسـتـە، بـە پێویست دەزانـێ و بـەم پێیـە، ئـیرادە خـوازێکـی سادە و سـاکـار نـیـیـە و کـاتـێ وەهـا **تەئویلێك** بـەدەستـەوە بێ، بـایـەخی ئەم چەشنە پرسپێکتیڤانە دەبێ ***لە دیدی جوانی ناسییەوە*** و هـەر لـەم ڕوانگەیەشەوە هـەڵسەنگێندرێ و ئـەمـەش لانیکەم بـەو مـانـایـەیە کە هـەڵسەنگاندنی دەرکەوتـەکـان دەبێ بە بێ یارمەتی وەرگرتن لە پێوەرە ئـەوپـەڕ مێژووییـیەکان ئـەنجام بدرێ. لە ڕاستیدا ئـەمە بـەم مـانـایـەیە کە هـەڵسەنگاندن دەبێ بەبێ بوونی ئەم چەشنە پێوەرانە ئەنجام بدرێ. بە بـۆچـوونـی مـن، ئـەم ڕوانـگـەیـە ئـیـزنـی بـە ئـێـمـە داوە هـەتـا راڤـەیـەکـی گونجاوترمـان لـەسەر نیچە، هـەروەهـا قبوولکردنی تراژیدیا لـەلایـەن ئـەوەوە هـەبێ و لـە بـەرامبـەر ئـەو شتەی کە لـە تـەئویلی ڕێژەییـیانـەی نـاسراودا بـاوە، بـە دیدێك دەربـارەی پرسپێکتیڤیزم بگەین کە ڕازیمان بکا. بەڵام ڕوونترین کـەڵك وەرگرتـنـی نـیـچـە لـە لـێکدانـەوەی مـێژوویـی و بـایـەخدانـانـی جوانی نـاسی، لە کتێبێك دەربـارەی ***ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق*** کە لە ساڵی ١٨٨٧ دا بـڵاوی کـردەوە، بـەرچـاو دەکـەوێ. ڕەچـەڵـەکـنـاسـی، هـەمـان ڕەخـنـەیـە کـە بنـەمـایـەکی مێژوویی هـەیـە، لێرەدایـە دەتـوانین بـاشترین بـەڵگەکـان بـۆ ئـەو شتەی کە بەدوایدا گەڕاوین، بدۆزینەوە.

بـەختـەوەرانـە لـە پێشەکی لـەسەر ***ڕەچەڵـەکناسیی ئەخلاقیدا*** گرنگیی بنچینەیی ئەو دوو توخمەی داکۆکیمان لێ کردوون، ئاشکرا دەبێ. ئەو دەنـووسێ، ئـەو پـرسیـارەی کـە خـۆی لـێکـی داوەتـەوە دەبـێ بـەمـجـۆرە پۆلینبەندی بکرێ:

***مرۆڤ لە چ هەلومەرجێکدا حوکمی چاکە و خراپەی دانا؟ ئەوانە لە زاتی خۆیاندا چ بایەخێکیان هەیە؟ ئایا ئەوانە نـیشانـەی مـەتـرسی و چـارڕەشی و بـێ ڕێزین؟ یـان بـە پـێچـەوانـە، لـەوانـدا دەوڵـەمـەندی و هـێز و ئیرادەی ژیـان، بوێری و دڵنیایی و داهاتوو بەدی دەکرێ؟***

نـیـچـە ئـەم دوو پـرسیـارە –واتـە هـەلـومـەرجـی مـێژوویـی کـە تـێیدا دیـاردەگەلێك وەکوو ***ئەخلاقی چاکە و خراپە*** خـۆیـان نـیشان دەدەن و هەڵسەنگاندنی سەربەخۆیی ئەم چەشنە بایەخانە– لە لێکدانەوەیەکی ئاڵۆز و لەسێ بەشدا– ئاڕاستە دەکا. لە سەرەتادا دەریدەخا کە ئەخلاقی چاکە وخراپە دەبێ بە بەرهەمی دۆخێکی مێژوویی تایبەت و بەرهەمی دابەشنەبوونی دەسەڵات بەشێوەی یەکسان و کولتووری خوداکان و خەڵك بزانرێ و دەبێ لە دژایەتی لەگەڵ ئەخلاقی دەوڵەمەندەکاندا کە لەسەر ڕێزداری و بێ ڕێزی داڕێژراوە، هەروەها بە واتای سەرهەڵبڕین دژی وەها ئـەخـلاقـێك دابـنـرێ. دواتـر ئـەوە نـیشان دەدا کـە چـۆن ئـەم ***ئەخلاقەی کۆیلەکان*** لە ژیانی بەڕێوەبەرانی (ئەم ئەخلاقە) دا دەبێتە حاکمی نەفس و بەکەڵك وەرگرتن لە چ ئامرازێك، دەسەڵات و سەرچاوەیەکی دەروونییان بـەسەردا دەسەپـێنـێ. بـەم واتـایـە داکـۆکـی ئـەو لـە سازوکـار تـاوانـێکی ئەخلاقییە و ئەوەی کە چۆن وێناکردنی تێگەیشتنی دەوڵەمەندان لە ئایین و بەجێهێنان لە ئەخلاقی کۆیلەکاندا بوو بەهەست بەتاوان کردن و بەجێ نەهێنان. لە بەشی سێهەمدا نیچە لە دوا واتای ئەو شتەی کە لەو جۆرە ئـەخلاقـەی کـۆیـلـەکـاندا بـە بـاڵاترین بـایـەخ نـاسرا، دەپرسێتـەوە– ئـەم

بالاترین بایەخە هەمان ئامانجی تاوان نەکردنە و نیچە بە پێی بەڵێنی پێشوو، ئێستاکە جوانیناسیی ئەم ئامانجە هەڵدەسەنگێنی(٤٩). بەکورتی، داکۆکی وتاری سەرەتای کتێبەکە سیاسی و مێژووییە (لە ناخی چ دۆخێکی مێژوویی و سیاسیدا، ئەخلاقی ڕەتکردنەوەی نەفس (دەروون) خۆی نیشان دەدا؟). داکۆکیی واتای دووەم، دەروونناسییە (چ جۆرە پەروەردەکردنیی عاتیفەکان، پێویستە، هەتا ئەخلاقێکی ئاوا بڕوانێتە دەروونناسییەکی کاریگەر؟) داکۆکیی وتاری سێهەم، هیرمونوتیکییە و پشت ئەستوورە بە هەڵسەنگاندن (مانا و بایەخ و ئاکام و ئامانجی تاوان نەکردن چییە؟)(٥٠).

هەڵبەت لە دەقی سەرەکیدا، هیچ شتێك بەو ڕادەیەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، سیستماتیك نییە. وادیارە نیچە لە پۆلین نەکردنی هەموو ئەو شتانەی کە بەشێوەیەکی یەکدەست ئەنجامی دەدا، چێژی وەردەگرت. لە شوێنێکدا داکۆکی لە ئەو ڕوانگەیەی خۆی دەکا کە ئەخلاق لەیەك کاتدا دەرەنجام، نیشانە، ڕووبەند، ڕیاکاری، نەخۆشی، خراپ تێگەیشتن، ژان، دەرمان، بزوێنەر، لەمپەرو ژەهر(٥١)ە. بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەدا کرداری ڕاستەقینەی ئەو هێند یەکپارچە و سیستماتیکە کە وامان لێدەکا لەسەر وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە سووربین کە پێمان وایە بوونەتە بنچینەی کارەکانی.

چونکە ئێمە ئێستاکە تەئویلێکی مێژوویی ڕوونمان لە نیچە بۆ پرسیارکردن هەیە– ئەو ئەخلاقەی کە دەسەڵاتی بەسەر کەلتووری ڕۆژئاواییدا هەبووە، ئەخلاقێکی کۆیلەیی بووە، زادەی ڕق یان بێزارییە و لە بەرامبەر ئەو شتە دادەنرا کە هەبوونی قبووڵ نەدەکرا. ئەم ئەخلاقە لە دیدی دەروونناسییەوە لە ڕێگەی ساز و کاری هەست بە تاوان کردنەوە ئەنجام دەدرێ و ئامانجێکی تاوان نەکردن بالادەست دەکا کە پاساوی نییە و بەمجۆرە ناچارە وێرانگەربێ و بەرە و نهیلیزم بڕوا، یان بە پێی

یەکێك لە قسە ئاشکراکانی کە باسی تیۆری مێژوویی دەکا:

لە بواری ئەخلاقدا، شۆڕشی کۆیلەکان کاتێ دەست پێ دەکا کە بێزاریی دەبێتە هێزێکی خوڵقێنەر و بایەخەکان دەبنە زادەی ئەو بێزارییە:

***بێزارییە سروشتییەکان کە لە کردەوەیەکی هەقیقی، واتە کردەوەی پراکتیکی بێ بەرین و بۆ قەرەبووی ئەم بێ بەری بوونە، خۆیان بە تۆڵەسەندنەوەیەکی خەیاڵی ڕازی دەکەن***(٥٢).

نیچە دوای گەیشتن بەم باوەڕە کە ئەم بانگەشە مێژووییەی سەلماندووە، پێش هەموو شتێك، پرسیارێکی مێژوویی دیکە لەخۆی دەکا و دواتر پرسیارێکی ڕەخنەیی ئاراستە دەکا، یەکەم پرسیار سادەیە: چۆن ئەم ئەخلاقی کۆیلەییە بەدەسەڵات گەیشت؟ ***ئێمە چۆن دەتوانین لەسەر سەرچاوەی مێژوویی ئەخلاقێکی کە لەم دژواز نوێنییە ترسناکەی خودای لە خاچ دراودا، کرا بە سیمبول، بدوێین؟***(٥٣) پرسیاری دووەم ئاڵۆزە، نیچە دەیەوێ بۆ ئەم ئامانجەی تاواننەکردن بەدیلێك ڕاست بکاتەوە و ئەگەری بوونی مێژوویی ئەو (ئامانجە) هەڵسەنگێنێ و روونی بکاتەوە بۆ دەرکەوتنی ***ئامانجێکی جیاواز***، وێرانیی دەروونی یان ڕووخانی نەفسیی ***ئەخلاقی کۆیلەیی*** چۆن دەبێتە ڕێخۆشکەری ئیمکانێکی مێژوویی؟

بەڵام پێش ئەوەی ئەو پرسیارە هەڵسەنگێنین کە دەرەنجامی تیۆری مێژوویی نیچەن، دەتوانین چەند شتێك دەربارەی ئەم تیۆرەش بپرسین، ئەگەرچی هێزی وێناکردن کە پاژی زاتیی شێوەی دەربڕینی دراماتیکیی نیچەیە و دەربارەی یەکەم بەربەرەکانێی ***ڕۆمی- جولەکەیە*** (بەربەرە*کانییەك* کە تێیدا بێهێزەکان هەوڵ دەدەن لاوازی و کەم هێزی خۆیان بکەنە ئیمتیازێك و ئەو عادەتانە بەسووك و چرووك دابنێن کە ئەربابەکان دەکەنە ئەرباب)، بەڵام ئەو زۆر جاران بە پێی بەڵگە،

بانگەشەکانی ناسەلمێنێ. نیچە تیۆری خۆی هەر بەپاژە مێژوویی یان دەروونناسییەکان دەرازێنێتەوە و یان هەوڵ دەدات وێنەیەکی ڕاتلەکێنەر یان لە دیدی جوانییناسییەوە وێنەیەکی ورد لەو زاهیدانە نیشان بدا کە نەفس ڕەتدەکەنەوە و بە سەرنجدان بە وتەکانی پێشوومان ئەم شێوازە لەگەڵ فەلسەفەی نیچە دەسازێ (و ئەو شتە ئاراستە دەکا کە **دۆلۆز** پێی دەڵێ تیپۆلۆژی(typology). بەڵام نیچە بەئاشکرایی بەڵێنی بەو تیۆرە مێژووییە داوە کە دەبێ بەشێوەیەکی بەهێزتر بتوانێ لە پەنابردن بۆ ئەمجۆرە وەسفە دیاردەناسییە بەرگری بکا. ئەگەر کێشەکە هەر لەم ئاستەدا بمێنێتەوە، چەندین وێنە یان راڤەی تەواو جیاواز لە مانای ڕوانگەی مەسیحی لەبەردەستدا دەبێ کە هەموویان بەڕادەیەك دەکرێ هەبن. دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە مانای مێژوویی مەسیحی بوون پێناسەی بابەتی گشتییە بۆ هەرێمی ئەندێشەی ئەخلاقی. دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەگەرچی ڕوانگەی یۆنانی یان کلاسیك، بۆ وابەستەکردنی ئەخلاق بە نەزمی *سروشتی*، هەوڵی جیاوازی داوە، بەڵام لە ئاکامدا بەو دەرەنجامە دەگەین کە باشترین ژیانی مرۆڤ بۆ نافەیلەسوفان پێکەوە ژیانە لە شاردا، شارێك کە وەك دەڵێن چوارچێوە یان دەرکەوتێکی خۆجێیی و تازەیە (گشتی نییە). ئەو شتەی کە من بە یەکێك لە هاوڵاتییانم وەکو مافی خۆی قەرزدارم، واتە ئەو ***شتەی کە بە ئاکاری بەجێ و دروست*** *دادەنرا* لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێوەندیی من بە بێگانە و بیانییەکانەوە جیاواز بوو. ڕەنگە بانگەشە بکرێ کە تێگەیشتن لەبەر پرسیاریەتیی گشتیی ئەخلاقی دەرهەق بە دیتران لە ئاستی هاوڵاتی بووندا نا، بەڵکو لە ئاستی بەرەی مرۆڤدا بەرهەمی ئایینی مەسیحی بوو[٥٤]. یان ڕەنگە کەسێك لەگەڵ هیگڵ پێداگری لەسەر ئەوە بکا کە ئایینی مەسیحی نوێنەری ئامانجی وێناکردن (ئۆتۆنۆمی و بەرپرسیاریەتی شەخسی) بوو کە لە کولتووری یۆنانیدا بەرچاو ناکەوێ

یان ئەوەی کە ئایینی مەسیحی، تاکی (ئەو تاکەی نەفس یان ڕۆحی هەرمانی هەبوو)، بەچەشنێك بە پیرۆز دانا کە بۆ پێشینیان نەناسراو بوو. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە- واتە واتای مێژوویی و میراتی سەرەکیی ئایینی مەسیحی، ئەخلاقی ڕەتکردنەوەی نەفسە، واتە قانوونێکی گونجاو کە بەشێوەیەکی پێویست لەگەڵ هەستکردی **کۆیلە** پێوەندییەکی تێکەڵاوی هەیە، بانگەشەی نیچە بە ئاشکرایی پێویستی بەجۆرێك بەرگری هەیە هەتا ئەم چەشنە پێناسە ڕکەبەرانە وەلابنرێن.

لە بنەڕەتدا نیچە دەبێ ئەم خاڵە وەکوو نموونەی سەرەکیی ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی خۆی شی بکاتەوە کە بۆچی بوونی دۆخی مێژوویی و سیاسیی ئوروپای پاش دێرین، واتە دۆخی ئەرباب و کۆیلەکان و تۆڵە یان بێزاری لە بەرامبەر وەها دۆخێکدا، دەبێ بەشێوەیەکی وا بنەڕەتی خۆی نیشان بدا کە ببێتە تەوەر و ناوەندی وەڵامی ئەم کەلتوورەی کۆیلەکان. دوای شیکردنەوەی ئەم پرسیارە: ***بۆچی تۆڵە لە ڕۆژئاوادا (بە مانای سەرەکیی قانوونی ئەخلاقی زاڵە***؟ نیچە دەتوانێ لە دژایەتیی زاتی و مێژوویی و بەدیلەکەی، واتە هەمان ئامانجی جوانی ناسانە بدوێ کە لە گۆشەی ئاسمانەوە وەدیارکەوتووە.

شیکردنەوەی کردەوە بە پێی تۆڵە، لە هەمان کاتدا وەڵامە بە یەکێك لەو پرسیارانەی کە پێشتر لێرەدا ئاراستە کرا: کاتێ بانگەشەی ڕووتی پێویستی بەڕێژەیی کردنی هەقیقەت یان بایەخ بە پێی **پرسپێکتیڤەکان** سەلمێندرا، ئێمە چۆن لەم پرسپێکتیڤانە دەدوێین، چۆن (ئەگەر بتوانین) پێی بگەین؟ و چۆن هەڵیسەنگێنین؟ لێرەدا دەتوانین ببینین کە زۆربەی وەڵامەکانی نیچە بەم جۆرە پرسیارانە، (واتە) ئەو پرسیارانەی کە بێ گومان لە پرسیاری ئەو دەچن، کامڵ نین. ئەگەر بپرسین بۆچیپرسپێکتیڤێك وەکووپرسپێکتیڤی مەسیحیی یان***پرسپێکتیڤی کۆیلەکان و خەڵکی مێگەل*** هەر بەم جۆرەیە کە هەیە، لانیکەم چوار وەڵامی جیاواز لەو دەقانەدا کە پێوەندییان بە نیچەوە

هـەیـە و جـاری واشە بـەهـۆی خـودی (نیـچـەوە) ئـاڕاسـتـە كراوە. دەتـوانـرێ بـانـگـەشە بـكـرێ بـیـچـم سـازیـی چـەمـكـیی، كە لـەوە پـێشتر جێگیر بـووە، ناچارمان دەكا بەشێوەیەكی تایبەتی بڕوانینە دەركەوتەكان. جاری وایە نیچە بە تایبەتی *لەوپەڕی* ***چاكە و خراپەدا*** پێیوایە كە ئەم بیچم سازیی چەمكییە، هەمان ڕێزمان یان خودی زمانە. ڕەنگە لە دەقدا وەها وەڵامێك دەربارەی ڕەچەڵەكناسیی ئەخلاق، هەڵگری ئەم بانگەشەیە بێ كە وێنای هەبوونی **بابەت** یان **بكەر**ێكی جیاواز، بۆ كاركردن كە لە ئاستی ئەم جۆرە كـاركـردنـانـەدا، بـەرپـرس یـان تـاوانـبـارە، دەرەنـجـامـی ئـەو لایـەنـگـیـرییـە پێكهاتەییـیە یـان لـە ڕاستیدا چەشنێك لێكرانە بـەهـۆی زەمـان[٥٥]. وەهـا پرسیارێك ئەگەرچی لە بەشێك لە بوارەكاندا گونجاوە و جێی سەرنجە بەڵام لـێرەدا بـەشێوەیـەكـی دیـار **نەگونجاوە**. پـرسـیـارە ئـاڕاسـتـەكراوەكـانـی نێو **ڕەچەڵەكناسیی ئەخلاق** لـە بـەراوورد لـەگـەڵ كـێشەی شاراوە لـەنـێو ئـەم وەڵامـەدا، هـەر لەخۆیدا زۆر ڕیشەیی و قووڵترە. ئەگەر پێش گریمانەیەكی لـەسەر نـاسیـاو یـان بـكـەر هـەیـە، لـە كـتـێبـی *دەربـارەی* ***ڕەچەڵەكناسیی ئەخلاقیشدا***، بەڕوونی زانینی ئەوە مەبەستە كە بۆچی وەها پێكهاتەیەك دەركەوت؟ بێگومان ئەم پێكهاتەیەش بەسەرهاتێكی مێژوویی هەیە و زۆر ئاشكرایە كە شیكردنەوەی سەرچاوە ئەخلاقییەكەی بە بەجێهێنانێك وەكو پێش فەرز، دەست پێ دەكرێ.

هـەروەهـا ڕەنـگـە كـەسێك هـەوڵ بـدا ئـەم جـۆرە ڕوانـگـەیـە بـە كـۆیـەك لـە هـۆگری و مـەبـەسـتـەكانی بلكێنێ. واتە بەسەرنجدان بە مەبەستێك كە پێشتر ئیرادە لە بەردەمی خۆی داینابوو وپرسپێكتیڤی مەسیحیی ئەو ڕوانگەیەی بـە ئـاكـام گـەیاند[٥٦]. ئـەم جـۆرە پێنـاسـەیـە ڕەنـگـە لـە سڕیـنـەوەی هـەڵـەی تـاقـمـێك لـەوانـەی بـەشێوەی ڕەهـا بـیر دەكـەنـەوە كـاریگـەریـی هـەبـێ واتـە دۆزینەوەی تیۆرێك كە بێ بەری بێ لە مەبەستی بایەخە ئەخلاقییەكان بەڵام كێشەی مەبەستی ئێمە هەروا بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەو شتەی كە

ئێمە دەمانەوێ بیزانین ئەمە نییە کە چۆن فلان ڕوانگە لە ئیرادە و مەبەستێکی پێش ئەو (ئیرادەیە) وەرگیراوە. بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە بۆچی ئەم مەبەست و ئیرادەیەی سەرەتا ئەم بیچمە تایبەتەی بەخۆیەوە گرتووە؟ ئەم کێشەیە زۆر جاران پێوەندیی بەم راڤەوە هەیە و لە راڤەکانی تریشدا دەرکەوتووە– خواست و توانایی جەستەی هەیە کە لێرەدا نیشاندەری ″علی″ و دەروونزانییە و سەرچاوەکانی تۆڵە نیشان دەدا– نیچە لە بارودۆخی **کۆیلە** وەکوو جۆرێك خەمۆکی لەش دەدوێ و زۆرجاران خۆی بە دەروونناس دادەنێ، بەڵام ئەو بە باشی دەزانێ کە بابەتگەلێك وەکوو فیزیۆلۆژی و دەروونناسی دەبێ بەووردی راڤە بکرێن. نیچە لە خشتەی دوازدەی نووسینی دووەمدا باسی ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق دەکا و بە ئاشکرایی شیکردنەوەی خۆی (لەسەر ئەوە کە چۆن ژێردەستیان لە ڕێی تۆڵەسەندنەوەی ئەخلاق خوازانەیان لە بەرامبەر باڵادەستیی دەوڵەمەندان‌دا، دەیانەوێ بە دەسەڵات بگەن) لەو تیۆرە جیادەکاتەوە کە تەنیا پێشگۆییی ئەوە دەکا کە کۆیلەکان بە سەرنجدان بە غەریزەی سروشتیی مرۆڤ بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵات، هەوڵ دەدەن بە ئەخلاقی ڕەتکردنەوەی نەفس، هەستی باڵادەستیی خۆیان زیاتر بکەن. ئەو لەسەر ئەوە داکۆکی دەکا کە وەها بەرنامەیەکی ورد بۆ خۆی راڤەیەکە، واتە ڕوانگەیەکی ***تەواو ئامادەکراو***، کە لە بنەڕەتدا هەموو چەشنە ویستێکی سروشتی بەرەو دەسەڵات بۆ دەستنیشانکردنی، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕن. شۆڕشی کۆیلە تەنیا نیشانەیەکە بۆنیشاندانی ئیرادەیەکی کاریگەر کە دەڕوانێتە دەسەڵات، بەڵام شێوە یان جۆری بەئاکام گەیشتنی ئەم چەشنە کردەوەیە بە هیچ جۆرێ لە سەرچاوەوە بەهۆی وێنایەکی سروشتیخوازانەی ئەوتۆ، شی ناکرێتەوە[٥٧].

لە ڕاستیدا نیچە بە ئاشکرایی ***شێوازی مێژوویی*** خۆی لە هەر چەشنە ***شیکردنەوەی میکانیکی*** *بێ مانا* جیا دەکاتەوە. تەنیا خواستی دەسەڵات

بوو کە دەیتوانی ببێتە هۆی جیاوازیی زۆری **شۆڕشەکان** (لێرەدا دەتوانین بیر لە شێوە جیاوازەکانی ئایدیالۆژی کۆیلەیی بکەینەوە کە لە دیاردە ناسیی هێگل– دا بووەتە پاڵپشت: فەلسەفەی ئیشراقی، گومانخوازی و زانیاری ناشاد). ئەوەی کە بۆچی تۆڵە دەبێتە کردەوەی زاڵ، پێویستی بە تەئویلێك هەیە کە هەستکردی هۆکارانی ئەم کردەوەیەی لە بەر چاوە و هیچ چەشنە راڤەیەکی سروشتخواز و کەمخوازیی نییە.

دواتر هەر ئەم وتەیە دەربارەی گشتیترین بەراوردێك کە لە ڕواڵەتدا نیچە وەکوو بەشێك لەم چەشنە تەفسیرانە بەکاری دێنێ، ڕاستە، واتە بەراوردی نێوان **ئەخلاق و ژیان** کە تێیدا ژیان بەجۆرێك نیشاندەری ترسە لە ژیان و بەم پێیە ڕەتکردنەوەی ژیانە و وەها ترسێك لە قۆناغی پاش ئەخلاقی مێژوودا پاشەکشە دەکا و ***خودی ژیان*** دەبێتە بالاترین بایەخ(٥٨). بەڵام لە بەرامبەر ئەم ڕووتێکردنەدا، بنەمای مێژوویی دەربارەی ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق، دەربڕی گومانە. کۆیلەکان دژ بە ژیان ڕانەپەڕین بەڵکو دژ بەشێوەیەکی مێژوویی ژیان ڕاوەستان (بێ دەسەلاتی، زۆرداری) و شۆڕشی ئەوان هەر تەنیا ڕاکردنێکی گوماناوی لە خودی ژیان نییە هەر بەو چەشنەی کە گەڕانەوەی سوقراتیش لە ئەزموونی تراژیك ئا بەمجۆرە نەبوو(٥٩). لە ڕاستیدا خودی نیچە بانگەشەی ئەمە دەکا کە وەبەرچاو گرتنی ئەم ستراتیژییە (شۆڕش) نە تەنیا پێویست بوو بەڵکوو مرۆڤ تەنیا بە ڕووکردنی لە ئامانجی تاوان نەکردن بوو بە بوونەوەرێکی جێی سەرنج(٦٠). ئەگەر ئەم وتەیە بە بانگەشەی هەمیشەیی نیچەی گرێ بدەین، واتە ئێمە هەمیشە سەرقاڵی راڤەیەك لە ژیانین و نەك سەرقاڵی ژیانێکی ڕووت، ئەو کات ڕوون دەبێتەوە کە پێکهاتەی سەڵت *ئەخلاق لە بەرامبەر ژیاندا* بۆ وەلامدانەوە بەو شتەی کە ئێمە پێمان وایە پرسیاری سەرەکیی بەردەم نیچەیە، ناتەواوە. پرسیارەکە ئەمەیە: **بۆچی تۆڵە**؟

هەر بەو جۆرەی پێشتر گوترا، تەنیا بە دۆزینەوە یان داڕشتنەوەی

وەڵامی نیچە بەم پرسیارەیە، کە دەتوانین ڕووبەڕووی بانگەشەکانی نیچە ببینەوە، ئەو بانگەشانەی کە دەرەنجامی ئەم جۆرە دەستنیشانکردنەی مانای مێژوویین. کاتێ نیچە لە درێژەی بەڵگەهێنانەوەکانی خۆیدا، سەرکەوتوویی ئەم ئەخلاقە کۆیلەییە (ئەم ئەخلاقە بەهۆی مزگێنیدانی یەکسانی، پەروەردەکردنی زیرەك و فێڵ کردن، بۆ زۆرینە سەرنجڕاکێشە)، شی دەکاتەوە و دواتر لە هەڵوەشانەوەکەشی هەر بەدەستی خۆی، دەدوێ، ئەم ئەخلاقە شتێك ڕەتدەکاتەوە کە بە نهێنی ڕێزی لێ دەگرێ، وردە وردە ***ڕاستگۆیانە*** چارەڕەشیی خۆی قبوول دەکا و (ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا یەکسانیخوازە) ڕێز بۆ پلەوپایە دادەنێ، لە کۆتاییدا ئەگەری بوونی ئاکامی ئەم ئەخلاقە (ئا گوتن بۆ هەموو شتێك) ئاڕاستە دەکا، لە سەرجەم ئەم بابەتانەدا، بنەمای سەرەکیی بەڵگە هێنانەوەی ئەو، داکۆکیکردنە لەمە کە (ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی) قۆناغی ئەخلاقیی مێژووی مرۆڤ، ڕاست هەر ئەم تۆڵەسەندنەوەیە. بەڵام کاتێ لێکدەرەوانی ناڕازی لە ڕوانگەی ساویلکانە بۆ تێگەیشتنی دەروونناسانەی نیچە ویستوویانە بۆ ئەم بانگەشەیە بنەمای جۆرە بەرگریکردنێك بدۆزنەوە، هەر توانیویانە بچنە نێو بەشێك لەو بوارانەی کە زۆر تیۆریکن(٦١).

## ٥

لەم بوارەدایە کە دەتوانین هەست بە بایەخی هەوڵی هایدگێر بۆ راڤەکانی لەسەر نیچە بکەین(٦٢). بە بۆچوونی هایدگێر، هەرێمی راڤەی نیچە لە مێژوو ئەوەندە بەرفراوانە کە وەڵامێك بۆ پرسیاریی ئاراستەکراو ئامادە دەکرێ؛ وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە کە نیچە بۆ پاساودانەوەی داکۆکییەکەی لەسەر ئەوە کە سەرلەبەری ئەخلاقی ڕۆژئاوایی تۆڵە سەندنەوەیە، پێویستی بە چ شتێکەو ئەگەر ئەو هەڵە نەکا، چ دەرەنجامێکی لێوەردەگرێ، بە تایبەتی بەسەرنجدان بەوێنەی مۆدێرنیستیی پاساودانەوەی جوانیناسانە؟ لەو راڤەیەدا کە هایدگێر ئاراستەی دەکا، پرسیاری سەرەکی، سەرلەبەری تێگەیشتنی نیچە لەسەر ئیگزیستانسیالیزم–ی پاش ئەفلاتوونی (کامڵکردنی ئەم ئیگزیستانسیالیزمە لە فەلسەفەی نیچەدا) وەخۆ دەگرێ. هایدگێر بانگەشە دەکا کە لە ڕوانگەی نیچە دەربارەی تۆڵە، بەشێوەیەکی تایبەت پێش گریمانەیەکی قووڵ لەسەر مانای ئیگزیستەنس شاردراوەتەوە و بە تێگەیشتن لەم پێش گریمانەیە کە دەزانین نیچە، چۆن دەیەوێ دەرەنجامە نهیلیزمانەکەی نیشان بدا و بەم جۆرە ئێمە لە (تۆڵە سەندنەوە) ڕزگار دەکا و سەرنجمان بەرە و ڕوانینێکی نوێ بۆ ئیگزیستەنس ڕادەکێشێ (هەڵبەت بە بۆچوونی هایدگێر، نیچە ناتوانێ هەموو ئەمانە ئەنجام بدا و دەبێتە **دوایین فەیلەسوفی میتافیزیکیی ڕۆژئاوا**).

سروشتییە کە کۆی دووبەرگی وتارەکانی هایدگێر دەربارەی فەلسەفەی

نیچە و وتارە جۆراوجۆرەکانی پڕ پێچ و پەناتر لەوەن کە لێرەدا بتوانین بە ئاسانی کورتیان بکەینەوە. بەڵام لەو ڕووەوە کە پەیوەندی بە مەبەستەکانی ئێمەوە هەبێت، دەتوانین بەگشتی بپرسین کە ئایا ڕووتێکردنی هایدگێر کە لە کتێب و وتارە فەلسەفییەکانی بەردەستدا، پڕ ناوەڕۆکترین و کامڵترین ڕووتێکردنە، دەتوانێ یارمەتییەك بێ بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی بۆیان بە پەرۆشین، یان نا؟ لە ڕاستیدا لێرەدا بۆچوونەکانی هایدگێر دەتوانن تەواو پڕ بایەخ بن، چونکە راڤەی ئەو دەربارەی نیچە لە هەمان کاتدا ئێزن بە ئێمە دەدا لەو کێشەیە بدوێین کە پێشتر بە باشترین پرسیارمان داناو دەبێ لەم راڤەیەدا، وەڵامی پێ بدرێتەوە، واتە هەمان پرسیاری قەیرانی مۆدێرنیزم، هەمان هەستی کۆتاییهاتنی کۆن و دەستپێکردنی شتێکی کە لە بنەڕەتدا نوێ، دەستپێکی قۆناغی پاش ئەو ئەخلاقەی کە مەبەستی نیچەیە.

بەسوودترین و ڕوونترین ڕەهەندی راڤەی هایدگێر، توانایی ئەوە بۆ سەلماندن و نیشاندانی ئەوە کە چ کێشەگەلێکی گرینگ لە چنگی هەمان *تۆڵە* دایە کە نیچە بە واتای سەرەکیی شۆڕشی کۆیلەکان لە هەرێمی ئەخلاقی دادەنێ. هایدگێر بانگەشە دەکا کە کردەوەیەکی ئەوتۆ لە مێژە بووەتە هەڵگری ڕێ هەڵبژاردنی ئێگزیستانسیالیزمێکی زۆر بەرفراوان. لە ڕاستیدا ئەم ڕێ هەڵبژاردنە لە دڵی گشت ئیگزیستانسیالیزمێکی سوننەتی دایە و بەم پێیە دەتوانێ بۆ حاڵیبوون لە نهیلیزم ببێتە یاریدەدەر کە دەرەنجامی ئەم چەشنە سوننەتەیە. هایدگێر ئاماژە بەوە دەکا کە نیچە لە ***وەهای گوت زەردەشتدا*** تۆڵە سەندنەوە بە کلیلێك بۆ تێگەیین لەوشتەدا دەزانێ کە لەسەر دەمای پاش ئەخلاقدا ئەگەری هەیە(٦٣). نیچە لە بڕگەی دەربارەی ***ڕەتیلاندا*** دەنووسێ:

> ***لە بەر ئەوەی، رسکانی مرۆڤ لە رق (تۆڵەسەندنەوە) پردێکە بەرەو بەرزترین هیواکانم و پەلکەزێڕینەیەکە لە توێی ڕەشەبا درێژخایەنەکان***(٦٤).

هـەروەهـا هـایدگێر ئـامـاژە دەكـا كـە نیـچـە لـە ***وەهـای گـوت زەردەشتدا*** نـاوەڕۆكـی سـەرەكیی ئـەم چەشنە بێزارییە دیـاری دەكـا. ئەم بێزارییە هەر لە بەرامبەر ئەرباب یان دەسەڵاتداران دانییە. نیچە لە ***دەربارەی ڕزگاریدا*** دەنووسێ:

***بەڵێ تۆڵە هەر ئەمەیە: دوژمنایەتی كردنی ئیرادە لەگەڵ زەمـان و هـەر بەو جۆرە بوو***(٦٥)

هـایدگێر بەكەڵك وەرگرتن لـەم ڕستەیە و لە درێژەی باسەكەی خۆیدا دەری دەخـا كە وەهـا شۆڕشێك لە بەرامبەر زەمـان و مێژوودا، تەنیا لایـەنی سوننەتیی ئەخلاقی مەسیحی نییە. ئەم چەشنە دەستكاری كردنە زەینییە و تـەنـانـەت ڕەتكردنـەوەی ئیـگزیستـەنس هـەر وەكـوو زەمـان، بـنیـاتنـەری ***بزووتنـەوەی بنچینـەیی*** گشت ئـەنـدێشەی پـاش ئـەنـدێشەی ڕۆژئـاوایـی ئەفلاتوونییە(٦٦). بـێ بـایـەخ بـوونـی ئـەم بـایـەخـە (تـا هـەتـایـی، مـانـەوە، زیندوومـانـەوە– یـان میتـافیزیكی بوون) هەمـان نهیلیزمە لە چاخی نوێدا. ئـاوا، هـەر بـەو چەشنـەی ***بلانشۆ*** بـە دروستی ئـامـاژ بـەوە دەكـا كـە نهیلیزم بۆ نیچە جۆرێك قەیرانی بـاوەڕی شەخسی نییە (هـەر وەكـوو كێیر كگۆر یـان داستـایۆفسكی) و كێشەیەكی فـەلسەفی یـان گومـانخوازانـەش دەربـارەی عەقڵانی بوون نییە، بەڵكوو نهیلیزم ڕووداوێكی قوڵی مێژووییە(٦٧)، واتە ئـەم دۆزینـەوەیە كە بەرزترین بـایەخە كەلتوورییەكانی (ڕۆژئـاوا) لە جۆری تـۆڵـە سـەندنـەوە و دەستـكـاریـی زەیـنـیـی واتـای ئـیـگزیستـەنس، نیشاندەری زەمـان یـان مێژوو بوون. بەمجۆرە لە لای نیچە مزگێنیی هـاتنی نهیلیزم لـەگەڵ ڕاگەیـاندنی ***خـودا مردووە*** بـانگەشەی شتێكی زۆر بـاڵاترە لە كۆتـایـی هـاتنی ئـایین (مـەبـەستی سـەرەكی). ڕاگەیـانـدنـی بـێ بـواربـوونی مێژوویی، ئـەمەیە كە زەینی مرۆڤ یـان وێنـا بۆجـارێكیتر بتوانـێ هـەموو بـایەخێك بـەسـەر زەمـان داسەپێنێ. ویژدان، شاهیدانی ئەخلاقی، بـاوەڕ بە پێشكەوتن یـان مرۆڤـایـەتی، بـەختـەوەر بوونـی زۆرینـەی خـەڵك یـان تـەنـانـەت بـاوەڕ بـە

خـودی شارسـتـانـیـەت، (گشتـیـان بـایـەخ گـەلـێکـی) مـردوون. بـەڵام بـە ڕەخـنـەگـرتـنـی هـایـدگێر لـە نـیـچـەیـە کـە دەتـوانـیـن بـگـەڕێیـنـەوە سەر ئـەو باسانەی پێشتر ئاڕاستەمان کردوون، چونکە تا بە ئێستا سەردانی هەموو شوێنـێکـمـان کـردووە هـەتـا لـە راڤـەی نـیـچـە دەربـارەی ڕمـانـدنـی نـەفسی ئالۆزی مێژووی ڕۆژئاوا تێبگەین و هەوڵمان داوە بزانین کە لەم پرۆسەی گۆڕانەدا، ئەو چۆن لەم وێنە گەورەیە بۆ راڤەی واتای دەرکەوتەکان کەڵك وەردەگرێ و لە هەمووان گرینگتر بزانین کە بوونی نیچە لە دەرەوەی هەرێمی ئەم گۆڕانەدا، چ مانایەکی هەیە، واتە ژیان لە چاخی مەرگی نهیلیزمانە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ لەگەڵ داهاتوو. راڤەی هایدگێر لەبەر ئەوە جێی سەرنجە کە هەمووی ئەم توخمانە لە دەوری پرسی مانای ئیگزیستەنس، یەکانگیر دەکا، بەڵام ئەویش نیچە تاوانبار دەکا کە نەیتوانی خۆی لە چنگی ئەم سوننەتە ڕزگار بکا و بەم پێیەش نەیتوانی بەسەر نهیلیزمی زاتی (ئەو سوننەتە)دا زاڵ بێ.

ئەوەی لەم باسەدا جێی سەرنجە ئەمەیە کە هایدگێر بۆ نیشاندانی ئەم ناکامییە سەرنج دەداتە دیاردەیەك و هەروەها شێوەی پاساودانەوەی (ئەو دیاردەیە)، واتە ئەو شتەی کە ئێمە پێمان وایە تەواو هەستکردە و لە چاخی دوای ئەخلاقدا ڕوونترین پارادایمی نیچەیە بۆ دەربڕین و پاساودانەوە: **هونەر**. هایدگێر لە یەکەم بەرگی وتارەکانی نیچەدا، ئەم بۆچوونە ئاڕاستە دەکا کە هونەر لە لای نیچە بۆ تێگەیشتن لە مانای دووبارە بایەخدانان بۆ بایەخەکان باڵادەستییەکی گرینگی هەیە[٦٨]. جوانیی هونەر هەمان پاساودانەوەکەیەتی، پاساودانەوەیەك کە بە هێزی هونەرەوە پەیوەستە، هێزیك کە سەرچاوەکەی خۆلادانی هونەرە لە گەڕان بەدوای هەموو چەشنە سەرچاوەیەکی ئەوپەڕ مێژوویی:

***ئەوەی نیچە لێرەدا پێی دەڵێ هێز، توانای ئەولایی ئیگزیستەنسی مێژووییە بۆ دەستەویەخە بوون لەگەڵ***

***بـەرزتـریـن هـەڵـبـژاردنـی زاتـیـی خـود و بـەئـاكـام گەیاندنەكەی***(٦٩).

ڕستـەیـەكـی تـر بـەدوای ئـەو ڕستـەیـەدا دێ كـە تـەنـانـەت بـەشێوەیـەكـی ڕوونتر پاساودانەی جوانی ناسانە بە گێڕانەوەی خودی هـایدگێر، لەسەر مێژوومـەندییی پەیوەست دەكا.

***یەكەمین و كۆنـترین ئـەزموونی بنـەڕەتیی خودی هونـەر ئەمەیە كە هونـەر واتایەكی بۆ داڕشتنی مێژوو هەیە و هـەروەهـا زاتی هـەونـەر بریتییە لـەو داڕشتنە***(٧٠).

هـایدگێر تەنـانـەت تـا ئـەو جێیە دەچێتە پێش كە دەڵێ:

**بەم پێیە، گەڕان و خواستی كۆن بوون و خۆڕاگری و كێش لە وتەدا، هەر تەنیا جۆرێك گەمەی جوانی ناسانە نییە، ئەمە بەرهەمی هونەرییە كە لە ناوەندی زاتیی ئەولایی مێژوویی ئێمەدا بەرەو پێشەوە دەچی**(٧١).

بەڵام بـا بچینە سەر ئـاشكراترین لایەنی راڤەی هـایدگێر. ئەو پێی وایە كە نیچە نەیتوانی مـافی ئەم نـاوەندەی ئەولایی *دازاینی* ئێمە بدا و كەوتە دوای دەرەنجامی نهیلیزمـانەی ئیگزیستـانسیـالیزمی سوونـنەتیدا. ڕاكردن لە *تۆڵە سەندنەوە لە زەمـانمـەندیی* دەستپێكی تێگەیشتنی نوێ و گونجاوتر لە نەفس بوو كە بووە ڕێ هەڵبژاردنی ئیگزیستـانسیـالیزمێكی تر و ئـەگەر بە دروستی لـە هـونـەر تـێگـەیشتـبـووایـەیـن نـیشـانـدەرێكـی بـاش دەبـوو بـۆ ئـەمـجـۆرە تێگەیشتنە نوێیە. بەڵام هـایدگێر پێی وابوو كە بۆچوونی نیچە دەربارەی هـونـەر و پـاساودانـەوەی (هـونـەر) بـەشێوەی **میتافیزیكی** ماوەتەوە(٧٢). مـەبـەستـی ئـەو لـەم وتـەیـە بـەتـایبـەتی، ئـەمـەیـە كە نیچە هێشتـا وێـنـای میتـافیزیكیی *سەرچاوە* یان بنچینەی *ئیگزیستەنس* دەپارێزێ و ئێستـاش ناسێنەری مرۆڤی بە هەمـان سەرچاوە، دادەنێ. بەوتەی هـایدگێر، نیچە ئەوەندە چووەتە پێشێ هەتا ئەم نـاسێنـەرە لە هـەر چەشنە سەرچاوەیەكی میتـافیزیكی بۆ كردەكانی بێ بەری بكا و هـەر جۆرە بنەمـایەكی سروشتیی

لەم شێوەیە، ڕەتدەکاتەوە؛ بەڵام ئەو وێنەیەی نیچە دەیخاتە بەردەستی ئێمە، وێنەیەکە لە وەها ناسێنەرێك (ئەویش ڕەنگە سەرگەردان لە پووچیدا)، وەکو یەکەم و بنەڕەتیترین شوێنی مانای مێژوویی ئیگزیستەنس، ناسێنەرێك کە لەگەڵ خۆی بەتەنیا ماوەتەوە و هەروا خۆی بە سەرچاوە دادەنێ. ئەم چەشنە تاوانبارکردنانە بە تایبەتی لەوتاری هایدگێردا، واتە وتەی نیچە: ***خوا مردووە***، بەرچاوە. لەو وتارەدا، هایدگێر بانگەشە دەکا کە نیچە میتافیزیکی ڕۆژئاوایی کامڵ دەکا، بەڵام بە ئاکامی ناگەیەنێ، چونکە نیچە تێگەیشتنی (Selbstgewissheit der subject invitat) دەپارێزێ. هەڵبەت هایدگێر ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە خۆشی دەگرێ(٧٣). لێرەدا ئەو لەگەڵ راڤەیئاڕاستەکراو هاوڕێیە کە دەتوانرێ ئەندێشەی نیچە بە بەشێك لە سوننەتی ڕەخنەیی و پاش کانتیی فەلسەفە دابنرێ، واتە لەو شوێنەی کە مەبەست لە فەلسەفە، گەڕان بەدوای هەلومەرجێکە کە تێیدا بایەخدان هەبێ، بەڵام ئەو بەو دەرەنجامە دەگا کە ئەمە هەمان شتێکە کە بە عەیبی ئەندێشەی نیچە دادەنرێ، واتە هەمان شتێك کە بەناڕوا ناسێنەری ئینسانی بەپلەی گرنگی بنچینەیی مانای ***ئیگزیستەنس*** دەگەیەنێت. لەوڕووەوە ئەم چەشنە ڕووتێکردنە، هەمان شتە کە وێدەچێ تایبەتمەندیی شێوازی خودی هایدگێر لە ئیگزیستەنس و زەماندا بێ و دەتوانین هەست بکەین کە هایدگێر هەر لەسەر نیچە نادوێ. کاتێ لە ووتارەکانیدا دەربارەی نیچە دەنووسێ:

پێش ئەوەی پرسیارێکی سەرەکی بەئاشکرایی ئاڕاستەی بکرێ، ئەگەر فەلسەفە بیەوێ بنچینەیەك بۆخۆی دەست نیشان بکا، دەبێ لە ڕێگەی زانست ناسی یان تیۆری زانستیدا شوێن پێیەکی پتەو بدۆزێتەوە: بەڵام فەلسەفە بە ئەنجامدانی ئەم کارە، بۆ هەمیشە لەنێو ڕێگایەکدا دەمێنێتەوە کە دەڵێی دەچێتە پێشخانی فەلسەفەوە و لە ناوەندی سەرەکی، دوور دەکەوێتەوە. پرسیاری بنچینە هەر بەو ڕادەیە لەگەڵ ئەندێشەی نیچە نامۆیە، کە لەگەڵ مێژووی پێش (نیچە) نامۆبووە(٧٤). بەڵام هەر بەو جۆرەی پێمان وابوو، ئەم راڤە و ڕەخنەیە لە باشترین حاڵەتیدا بنەمایەکی

بەسوود بۆ لێدوان دەربارەی ئەو کێشانە ئامادە دەکا کە لە سەرلەبەری ئەم وتارەدا پێشکەش کرا.

بە کورتی، بە قبوولکرانی لێدوانی ئێمە لەسەر ڕای نیچە، کە لە قۆناغەکانی مێژوو دەدوێ و راڤەیەکی کە ئەو، لەم کورتە باسەدا، بەڵگەی بۆ دێنێتەوە و هەروەها بە قبوولکرانی ئەوە کە وەها راڤەیەك ئێمە لەگەڵ دژایەتییەك ڕووبەڕوو دەکاتەوە  ونیچە، لە نێوان پاساوی ئەخلاقی (کە بە پێی پێویست دەرەنجامەکەی نهێلیزمە) و پاساودانەوەی جوانی ناسانەی پاش نهێلیزم دادەنێ، دەبێ بپرسین، ئایا ئەم پاساودانەوە جوانی ناسانەیە بە پێی پێویست دەبێ بە پەیڕەوی کردن لە هایدگێر بە ناسینەرێك دابنرێ کە هەڵگری هێزی  قبوولکردنی مێژوومەندییەکی ڕیشەییە و خۆی بەسەرچاوەی بایەخە نوێکان دابنێ کە هەر خۆی بۆ جارێکی تر گرنگیی پێداون؟

من پێم وایە هەر لەبەر ئەوەیە کە نیچە بەم ڕەخنەیە زەبری لێناکەوێ، چونکە لە بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی پێوەندیی نێوان پاساودانەوەی جوانی ناسانە و مێژوو بە ناتەواوییەکی جیاواز و بە بنچینەتر دەگات، بەم واتایە ئەگەر (و پێموایە سەلماندوومە کە وایە)، راڤەی نیچە لە قۆناغی ئەخلاقی کەلتووری ڕۆژئاواییدا، بێزاری یان دڵگرانی نیشان دەدا و ڕوونترین نموونەی راڤەی مێژوویی ئەوە (لە چاخی نوێ) و هەروەها لە بەرامبەر ئەمەشدا ڕوونترین نموونەی قبولکردنی چاخی پاش نوێیە– هەر بەو جۆرەی دواتر دەیبینین، بەرگری نەکردنی لەم راڤەیە و هەڵسەنگاندنی بەپێی پێشنیاری هایدگێر ئێمە تووشی دوو ڕێیانێك دەکا کە هەم بۆ نیچە و هەم بۆ بەشێکی گەورە لە ئەندێشە و زەوقی مۆدێرنیستی، بنیاتنەر دەبێ.

## ٦

هەڵبەت وەڵامدانەوەی کورت بەم پرسیارە، دژوارە. ئەگەرچی بۆ نزیکبوونەوە پێویستە زۆربەی ئەو شتانە وەبەرچاو بگرین کە پێشتر لەم وتارەدا ئاماژەمان پێ کردوون. بەتایبەتی وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرینگە کە گێڕانەوەی خودی نیچە لەم کێشە مۆدێرنیستییە، هەڵگری هەر شتێك بێ، ئەم واتایە ڕەتدەکاتەوە کە گومانخوازی و گاڵتەجاڕی و تەنانەت نهیلیزمی چاخی نوێ، دژ کردەوەیەکە ڕاست لە بەرامبەر ئەم هەواڵەدا کە هەموو ***خوا کۆنەکان مردوون***، ئەو دەستبەجێ تێدەگا کە ئەم چەشنە بایەخ سڕینەوەیە هەمیشە هەڵگری وێنای بایەخدانانەوەیە و ئەمە ڕەتدەکاتەوە کە بایەخە نوێیەکان هەر بەو جۆرەی لەم سەردەمەدا زۆرکەس داکۆکییان لەسەر دەکرد و بایەخەکانی زانستی نوێ و هێزە هەمیشەییەکەی دەتوانێ هەر چەشنە ڕەمز و هێمایەك بسڕێتەوە. هەر بەو جۆرەی دیتمان ئەگەر ئەم پرسیارەی نیچە؛ واتە پێداویستییەکانی چاخی هەنووکە کامانەن، ئاڕاستە بکرێ، نابێتە هۆی ئەوە کە سەرجەم ڕووتێکردنێکی ئەو بۆ مێژوو، وەکوو مەرجی گشت بایەخدانێکی کاریگەر، بە هاسانی لەناو بچێ. هەرچەند هایدگێر، لە ڕواڵەتدا بەم خاڵە دەزانێ، بەڵام لێدوانی ڕەسمیی ئەو لەسەر تێگەیشتنی نیچەیی بەهیچ چەشنێك عادلانە نییە. لە ڕاستیدا لە سەرلەبەری ئەم باسەدا، دیتمان کە لە بنەڕەتدا لێکدانەوەی خودی نیچە لە داکۆکیکردن لەسەر چەمکی ناسێنەرەکان و

ئیرادەخوازی و ڕێژەیی دیتن و تەنانەت بشێویخوازییەك كە بۆ ئەم چەشنە بۆچوونانە پێویستە، بێ بەرییە. لە ڕاستیدا سەیر دەبوو ئەگەر ئەم بوارە مێژووییە لە قەڵەم كەوتبا، ئەویش لەسەردەمایەكدا كە نیچە سەرقاڵی لێكۆڵینەوە لەسەر ئەمە بوو كە لە دنیای هاوچەرخدا، چ جۆرە پاساودانەوەیەك هەیە؟ هەر ئەم زانیارییە زۆرەیە كە لە بواری مێژووییدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاكامدا، نیچە وێنەیەكی ئاوا شڵەژاو و كێشەساز لە پاساودانەوەی جوانی ناسانە، ئاڕاستە بكا. بۆ تێگەیشتن لەم دوا دیاردەیەی بۆچوونی نیچە؛ دەتوانین چاوێك بەسەر هەوڵی زەردەشت دا بۆ *پاساودانەوەی* خۆی بخشێنن.

من بەو هۆیە لەسەر ئەو بەرهەمە دەدوێم؛ چونكە زۆر نیشانەی ڕوون بەدەستەوەن كە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە زۆربەی ڕووداو و چیرۆكە مەتەلۆكەییەكانی ***وەهای گوت زەردەشتدا*** باسی ئەو كێشانە دەكرێ كە پێشتر لێی دواوین. لە ڕاستیدا بەردەوامی و پەیتا پەیتابوونی كردەوەی سەرەكی و دراماتیكیی ئەم بەرهەمە، هەوڵی شێلگیرانەی زەردەشت بۆ پاساوی بوونی خۆی نیشان دەدا، یان بەشێوەی بەرفراوانتر، كێشەی بەر دەنگی ئەو ئەو شتەیە كە ئەوان دەتوانن بیزانن و قبووڵی بكەن. ڕازی نەبوونی زەردەشت لە بەردەنگەكەی و بە تایبەتی موریدەكانی، بەچەشنێك بووەتە تانوپۆی ئەم گێڕانەوەیە، تا ئەوەمان نیشان بدا كە كێشەكە هەر ئەوە نییە كە زەردەشت لەسەردەمای خۆی لە پێشترە و ئێمە بەباشی لێی تێناگەین. وێناكان و تەنانەت خودی سەردێڕی كتێبەكەش، بەهیچ چەشنێك باسی ناسێنەرێكی جیاو پەراوێزی ناكەن كە هەر گوێی كەر وتەكانی دەبیستێ، بەڵكوو زەردەشت ناسێنەرێكە كە مانا و هێزی وتەكانی پێوەندی بە بەردەنگەوە هەیە، كتێبەكە بەگشتی لەسەر وتەكانی زەردەشتە، نەك ئەوەی بۆ خودی زەردەشت تەرخان كرابێ و هەر لەم ڕووەوەیە كە هەمیشە دەربارەی ئەوە كە ئەو بۆچی قسە دەكا، بۆ كێ دێتە

ئـاراوە و هـەروەهـا لـەسەر پـێوەنـدیی نـێوان وتـەی ئـەو و بـەردەنگـەکـەی (زەردەشت)، پرسیار دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە ئەوە خودی ئەو شتەیە کە ئـێمـە چـاوەڕوانـی بـووین، ئـەگـەر نـیچـە لـەم بـۆچـوونـەدا بـە دروستـی تێگەیشتووە کە ئەو ئەرکەی فەلسەفە (بۆ دابینکردنی بنچینەیەکی عەقڵی یان میتافیزیکی یان تا ڕادەیەك دنیایی بۆ ئەخلاق) پێی سپاردووە، دۆڕاوە، ئـەگـەر سەردەمـای ئـەخـلاقـیـی مـێژوو، بـەسەرچـووە، ئـەرکـی زەردەشت–یش بە تەواوی ئاڵۆز بووە. ئەو بە دەسەڵاتترین مرۆڤ نییە، بەڵام تێدەگا کە ناتوانێ بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە و فێرکاربوونیش نابێتە شکۆ و ناتوانێ بۆ مرۆڤەکان بەردنووسی تر و دەست نووسی نوێ بێنێت. ئەم پێگەیە بەو مانایەیە کە ئەو دەزانێ کە سەرچاوە و هێزی پاساودەری قسەکانی ناتوانێ پشت بەهیچ شتێك ببەستێ. مەگەر ئەوەی بەردەنگی تـایبـەت و مـێژوویـی قبـوڵـی بـکـا[٧٥]. هـەروەهـا ئـەمـە بـەو مـانـایـەیـە کـە زەردەشت بـەهـیـچ چـەشنـی لـەبـەردەنگـەکـانـی جیـا نـاکـرێتـەوە. ئـەوان لـە ئـاستـی گروپێکی مێژوویی تایبەتدا هەلومەرجی سەرچاوەی وتەکانی ئەو ئـامـادە دەکەن. ئەگەر هیچ سەرچاوەیەکی ئەخلاقیی ئـاسمـانی نییە، ئەوان (بەردەنگەکان) دەبێ هەبن.

دروستی ئەم خاڵە لە پێشەکیی ***وەهای گوت زەردەشتدا*** دەبینرێ، لە ڕووداوێکدا کە هایدگێر بەگوێرەی پێویست سەرنجی پێ نەداوە، چونکە ئەم ڕووداوە بەتەواوی گرفت تووشی ڕەخنەی هایدگێر لەسەر نیچە دەکا. بەم حاڵە لە پێشدا دەبێ بگوترێ کە هایدگێر بەدروستی ئاماژە بەوە دەکا کـە سەرەتـای ***وەهـای گـووت زەردەشت*** لـە ڕوانگـەی درامـاتیکـەوە وەبیرهـێنـەرەوەی سەرچـاوەکـانـی خودی فـەلسەفـەیـە لـەلای ئـەفلاتـوون. زەردەشت لە ئەشکەوتێکدا دەژی کە لەلای ئەفلاتوون نیشاندەری عادەت و گـومـان و گـریـمـانـەیە. بـەڵام نیچـە نـە تـەنیـا زەردەشت دەکـاتـە هـاوڕێی فـەلسەفـەی دژە ئـەفلاتوونی، بـەڵکوو بـەکـەڵك وەرگرتن لە دەرکەوتنێکی تری

ئەفلاتوونی واتە هەتاو، شوناسی ئەم فەلسەفە دژە ئەفلاتوونییەش شی دەکاتەوە. زەردەشت لەگەڵ هەتاوی ئەفلاتوون دەدوێ و دەپرسێ: ***ئەی ئەستێرەی مەزن! تۆ چ بەختەوەر دەبووی ئەگەر نەتدەبوو ئەوانەی تیشکیان پێ دەبەخشی!*** تایبەتمەندیی پاساودانەوەی جوانی ناسیی کە لە سەرلەبەری ئەم ووتارەدا داکۆکیمان لەسەر کردووە دەستبەجێ ئاشکرا دەبێ: بڕەوی ڕوانگەی نوێی زەردەشت، ناتوانێ پشت بە بایەخی ئاسمانی و ئەفلاتوونی یان هەمان هەتاو ببەستێ و بەمجۆرە بە سادەیی و بەبێ خەڵکانی مێژوویی قبووڵ ناکرێ. (چ دەبوو ئەگەر هەتاو بینەری نەبووایە؟ یان هەتاو بەبێ ئەو بینەرانە ناتوانێ ئەو شتە بێ کە هەیە).ئەم خاڵە تەنانەت لە چاوپێکەوتنی زەردەشت لەگەڵ خواپەرستێك کە نازانێ ***خودا مردووە*** زیاتر دەردەکەوێ. ئەو شتەی کە هایدگێر لە شیکردنەوەی خۆی لەسەر ئەم ڕاگەیاندنە لە قەڵەمی دەخا، ئەمەیە کە ئاگادار بوون لەم مەرگە، پێوەندییەکی تەواوی بەوەوە هەیە کە بۆچی زەردەشت دەبێ *ئاوابێ*؟ هایدگێر لە ڕواڵەتدا ئەمە قبووڵ ناکا کە ئاوابوونی زەردەشت یان قسەکردنی ئەو کێشەیەك سازبکا. بەڵام لە بەشی دووەمی پێشەکییەکەیدا، بەوردی لەسەر ئەم پێوەندییە پێداگری دەکا. وتەکانی زەردەشت بەڕوونی لەوە دەدوێن کە ئەگەر لە خودا دێرینەکان کەسێك مابایەتەوە ئەوکات ئەرخەیان بوونی تایبەتی و میتافیزیکی وەکوو ئەرخەیانیی خواپەرست قبووڵ دەکرا. بەڵام زەردەشت دەبێ *ئاوابێ* چونکە ***خودا مردووە***، ئەم وتەیە بۆ جارێکی تر لەوە دەدوێت کە ئەگەر هیچ چەشنە شیکردنەوەیەکی ئەخلاقی یان ئاسمانی ناکرێ، ئیگزیستەنس چ پاساوێکی دەبێ؟[٧٦]

بەدڵنیاییەوە ئەمە لە ***وەهای گوت زەردەشتدا*** سەرەتای کێشەی دوور و درێژ وبنەڕەتییە. ئەم کێشەیە دژوارە و ڕەنگە بە سەرنجدان بەوە کەزەردەشت هەمیشە *ئاوارەیە* کێشەکەش چارەسەر نەکرێ[٧٧]. ئەو نە لە جیهانی *خوارووی* کێوە و نە لە کوێستانی بەرز یان *سەرکەشەکەی*. ئەگەرچی لە

ڕواڵەتدا زەردەشت هەمیشە بۆ کوێستانەکەی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمجۆرە سەفەرانە بەو مانایەیە کە وتەکانی بۆ پەروەردەبوون دەبن و ئەو بۆخۆی بووەتە خودایەکی نوێ و بەم هۆیە دەبێ خۆی کەنارنشین بکا، بەڵام وێدەچێ زەردەشت هەموو کات لە مەترسی دەرکرانی تەواو و هەمیشەیی دابێ.

بەم پێیە ئەو قەت ناتوانێ ئەوە بخوازێ کە بەردەنگ یان موریدەکانی هەموو شتێك قبووڵ بکەن. قبووڵکردنێکی کە زەردەشت دەیەوێ دەبێ، تەنیا لەگەڵ ئەم چەشنە پاساودانەوەیەی ئێستا کە دەکرێ بسازێ و لە پەنای ئەو پاساودانەوەیە قبووڵ بکرێ و بسەلمێندرێ. زەردەشت بە دژواری هەوڵ دەدا تا بزانێ ئەم چەشنە قبووڵکردنە دەبێ چۆن بێ. لێرەدا جێگەی ئەوە نییە کە لە ***وەهای گوت زەردەشتدا*** بەدوای ئەم کێشەیەدا بگەڕێین و یان تەنانەت ئەوە دیاری بکەین کە ئایا دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی ئەم کێشەیە لە ئاکامدا چارەسەر دەکرێ یان نا؟ بەڵام دەتوانین سەرنج بەوە بدەین کە دەرکەوتنی ئەو کێشەیە ئیزن بە ئێمە دەدا هەتا جارێکی تر سەرقاڵی پرسیارێکی دژوار و کۆتایی بین کە لە لێکدانەوەی نیچەدا، شاراوەیە. ئێمە ئاماژەمان بەم خاڵە کرد کە کولتووری یۆنانیی پێش سوقرات، نیچەی کردبووە ئاشقی خۆی (لە ڕاستیدا کولتووری ڕۆمانتیك و پاش ڕۆمانتیکی ئەندێشەی ئەڵمانی تا ڕادەیەکی زۆر ببوونە ئاشقی ئەو کولتوورە)، چونکە یۆنانی دێرین ناسێنەری وێنایەکی پێش مەسیحی و تەنانەت پێش فەلسەفی لە پاساودانەوە بوو، بەمجۆرە دەیتوانی بە جۆرێك ڕێبەری کولتووری پاش مەسیحی یان پاش فەلسەفی بێت. بەڵام هەر بەو جۆرەی دیتمان، نیچە، بەڕوونی تێگەیشت کە هیچ کەس ناتوانێ بۆ *پاش* بگەڕێتەوە؛ چونکە تێگەیشتنی چاخی مۆدێرن لە کێشەی پاساودانەوە، هەستکردتر لەوەیە کە بیەوێ تەنیا و تەنیا ببێتە یۆنانی. ئێستاکە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە

بـە سەرنـجـدان بـەم کـێشەیـەی پـاساودانـەوە، چ شتـێك دەیـتوانـی ببێتـە ناوەڕۆکی ڕوانگەی مۆدێرن یان پاش مۆدێرن؟ بە واتایەکی تر ئێستاکە بەشێوەی جوانی ناسانە، چ شتێك دەسەلمێنرێ، چ شتێك دەتوانێ (لە کەلتووری مۆدێرندا) ببێتە هۆی ڕەشبینیی تراژیکی یۆنانی؟ وەلام ئەمەیە کـە ئـەگـەرچـی نـیـچـە جـارنـەجـارێك، هـەوڵ دەدا بـەشێك لـە بـایـەخـە تایبەتەکان، لە هەلومەرجی نوێی مێژوویی وەربگرێ، بەلام ناوەڕۆکی ئـەم ڕوانـگـەیـە بـەگشتی هـەر نـەرێییـە. بـابـەتـی نـاوبـراو بـۆ نـیـچـە وەکوو زۆربەی کاربەدەستانی هونەر و ئەدەبیات و فەلسەفەی مۆدێرنیست لە دوو خاڵ کورت دەکرێتەوە: یان ئاڕاستە کردنی ئەو هۆیە جۆراوجۆرانەی پشت ئەستوورن بەوە کە بۆچی سوننەت ناتوانێ بەردەوام بێ (بۆچی هیچ دەرفـەتـێك بـۆ بـوونـی نـاسێنـەر نـیـیـە)، یـان جـۆرێك ستـایش کـردن یـان نائومێدی لەوەی کە بایەخە کۆنەکان مردوون[٧٨].

ئەم بابەتە، کەسێکی وەکوو نیچە کە نموونەی زۆر ئاشکرای بیرمەندی مـۆدێرنـیستـە، تـووشی هـەڵـوێستـی سەیـر دەکـا. لـە ئـەنـدێشەی **دریدادا** ڕێکوپـێکـتـرین و بنـچـینـەییـترین بواری ئەم لایـەنـەی هـەڵـوێستـی ئـەو، بەڕوونی هەست پێ دەکرێ و هەمیشە دەیەوێ بنووسێ (sous rapture) یان لە هەمان کاتی نووسینی شتێکدا، دەیەوێ دایرێژێتەوە[٧٩]. ئەمجۆرە هەولانە بەڕوونی دەکەوێتە ڕیزی شێوە کاریگەرەکانی (rhetorical) بۆ هیچ نەگوتن. ئەمەش واتە قسەکردن لە ژێر نسێی ئەم هەقیقەتە کە هەرچەشنە وێنایەکی ڕابردوو لەسەر بوونی واتایەکی باوەڕپێکراو (بە تایبەتی لە نووسراوەکاندا) بە پێی پێویست چەشنێك خۆفریودانە. هەڵبەت، بە بێ دوان لـەسەر ئـەم هـەقـیـقـەتـە (بـەجۆرێك کـە ببێتـە هـۆی بووژاندنـەوەی وەسفێکی مەزن و سەربەخۆ لە کێشەی واتا) و بەبێ بێدەنگییەکی کتومت. هەر چۆنێك بێ بەبێ ئەوەی لێرەدا بتوانم بیسەلمێنم، پێم وایە هەرکەس بتوانێ هەست بەوە بکا کە لەم چەشنە هەولانەدا خۆبواردن لە پانتایی مەزنی ئاوا، هەمیشە دەبێتە کایە و فێڵێك کە وەکوو سەرەکیترین خاڵ لە

نیشاندانی پشت بەستن بە تیۆرێکی راڤەیی لەوپەڕی سنوورەکانی دارِشتنەوە، خۆ دەبوێرێ (چونکە هەر ئەم فێڵە دەبێتە هۆی دارِشتنەوەی). نیچە لانیکەم حازرە ئەم کێشەیە بێنێتە ئاراوە، نەك ئەوەی لەبەری هەڵبێت. هەر کاتێ زەردەشت دەبیستێتەوە کە موریدەکانی وانەکانی دووپات دەکەنەوە، لەوە دەچێ کە ئەم وانانەش دەستووری تازە بن و بۆیە ئەم کێشەیە دێتە ئاراوە.

بەڵام سەرنجدان بەم ڕاستییە کە نیچە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەم کێشەیە ئاراستە دەکا،– ئەویش بەجۆرێك کە لە هەموو فۆرمەکانی هەست کردنی مۆدێرنیستیدا، نیشاندەری کێشەیەکی زیندووە، واتە چۆن دەتوانین بێجگە لە مەحاڵ بوونی قبووڵی هەموو شتێك بەشێوەی سوننەتی، شتێکی تر قبووڵ بکەین– بەو واتایە نییە کە نیچە کێشەکەی چارەسەر کردووە. لە ڕاستیدا ئەمە بۆ ئێمە دەردەکەوێ کە نیچە هەرچەند هەوڵیدا لەدوو هەڵوێستی دژ و مۆدێرن لەسەر پاساودانەوە کە هەریەکیان بە ڕادەیەك کێشەساز بوون، خۆی ببوێرێ، بەڵام لە کۆتاییدا ئێمەی خستە نێوان ئەم دوو هەڵوێستە. لە لایەکەوە غیابی هەرچەشنە پاساودانەوەیەکی بالادەست یان ئەخلاقی (هەم خۆبواردنی تیۆری و هەم خۆبواردنی مێژوویی) دەتوانێ بەرەو چەشنێك چارەنووس خوازیی مێژوویی بڕوا، شتێکی کە زۆر جاران بەشێوەیەکی تاڕادەیەك دروست لەگەڵ دوا قۆناغی ئەندێشەی هایدگێر، بە نزیك زانراوە. ئێمە ناتوانین کولتووری دوای نهیلیزم و متمانە بە خود و توانایی بخولقێنین، چونکە هەر بەو جۆرەی دیتمان سەرچاوە یان هێزی بایەخەکانی ئەم چەشنە کولتوورە پەیوەستە بە هەلومەرجی مێژویی دێرین کە بوار بەم چەشنە ئیرادەیە دەدا. بەم جۆرە یۆنانییەکان تەنیا لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەم بەختەیان هەبووە کە لەسەردەمای پێش ڕەخنەییدا ژیاون و بەمجۆرە توانیویانە لە ژێر نسێی ڕەشبینیی تراژیك و بەهێزدا کاربکەن، هەرچەندە وا دیارە نیچە جارنە

جارێك، هانمان دەدا بە فەرامۆش کردن و عادەتی ڕەخنەیی، عادەتێك کە بڕیاری ئێمە لاواز دەکا و دەبێتە هۆی گومان و نهیلیزم. ئیمە بە تاقیکردنەوە بەوە دەگەین کە ناتوانین بڕیار بدەین بۆ فەرامۆش کردن[٨٠] ئێمە هەمیشە لەبیرمانە کە خەریکی چ کارێکین.

لە لایەکی ترەوە وای دادەنێین کە هەڵوێستی نیچەمان قبووڵ کردووە، بەڵام ناتوانین هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هەلومەرجی دەرەکی و نامێژوویی بواری بایەخدانان بدەین و دواتر هەوڵ بدەین بە دەرەنجامی ئەو بایەخانە بگەین کە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دەسازێن. بەڕای نیچە، ئەمە بێ ئەزموونییە کە پێمان وابێ بە ڕوانگەیەکی دەرەکی گەیشتووین و لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین ئەمجۆرە هەلومەرجە دەستنیشان بکەین. ئەم خاڵە دریداییە لانیکەم، لێرەدا جێگیر دەبێ: هیچ گوتارێکی بێ لایەن نییە کە بتوانرێ تێیدا بوار بە گوتار یا سەلماندن بدرێ.

بە بۆچوونی من، وانەیەکی کە لەم هێما یان دووڕیانەدا فێری دەبین ئەوەیە کە پەیڕەوی کردن لە ڕوانگەی مەبەستی نیچە، واتە هەمان ڕوانگەیەك کە ئەو پێی دەڵێ، ***هونەری بێ تاوانی***[٨١] یان هونەری بە دەستهێنانی چەشنێك بێ تاوانیی پلە دوو، مەحاڵە. هەر بەوجۆرەی گوتمان، میتامۆرفۆسیسی مەبەستی نیچە واتە میتامۆرفۆسیسی سامناك و ناسروشتی ***لە شێرەوە و بۆ منداڵیش*** مەحاڵە. ئەگەر بێ تاوانی، تەنیا بۆ جارێکیش لەکیس بچێ قەت بەدەست نایەتەوە. بەشێوازی نیچە کۆتایی بە باسەکە دێنین، بەڕاستی ڕەنگە هەر بەو جۆرەی کە نیچە سەردەمایەك پێشنیاری کرد بۆ سەلماندنی ئەم چەشنە خواستانە لە نێوان ویست و خواستە تایبەتە مێژووییەکان یان *ژیان* و هەوڵە تیۆری و فکرییەکان، جۆرێك نەسازانی تاهەتایی هەیە. ڕەنگە ئەم نەسازانە هەمیشەییە باشترین و سادەترین ڕێگە بێ بۆ تێگەیین لە بەرزترین و دژوارترین (بواری) فکری نیچە، واتە گەڕانەوەیەکی هەرمان.

# پەراوێزەکان

١– دەقی فارسیی ئەم بابەتە وەرگێڕانێکە لە:

80- Robert B.pippin, *Nietzsche and the origin of the Idea of Modernism*, in Inquiry 26(1983):151

٢– یەکەم ئاماژەی ئاشکرا بەپرسی نهێلیزم لە *زانستی شاد* دایە کە لە ساڵی ١٨٨٢ بڵاوبووەوە، بڕوانە:

*Die frohliche Wissenschhaft*, in Giorgio colli and Mazzino Montinari (Eds), werk, V,2de Gruyter, Berlin 1972.

هەروەها بەراورد بکرێ لەگەڵ باسەکانی ئەم پرسە لە:

Eckhard Heftrich,*Nietzsches philosophie*:Identitat Von welt 3:PP._ und Nichts, Klostermann, Frankfurt, A.M.2691, PP 162 9, and Gills Deleuze,*Nietzsche et la philosophie*,-197 360_P.U.F,paris 1962,pp. 34

٣– دەبێ سەرنج بەوە بدرێ کە تێگەیشتنی نیچە لەم کامڵ بوونە مێژووییە بە پێی کەڵك وەرگرتن لە پێکهاتەیەك کە تا ڕادەیەك سادەیە و بەسێ بەش دابەش کراوە: *سەردەمەکانی* (١ پێش ئەخلاقی (پێش سوقرات)، (٢ ئەخلاقی)، (٣ پاش ئەخلاقی). نیچە لە خشتەی ٣٢ی ئەوپەڕی چاکە و خراپەدا، ڕوونترین شێوەی ئەم پێکهاتە سێ لایەنییەی ئاراستە کردووە (لەوێدا بە سەردەمای پێش ئەخلاقی *دەڵێ*، پێش مێژوویی) و کارل ڕاینهارتیش بەشێوەی بابەتی باسی کردووە، بڕوانە:

Karl Reinhardt, *Nietzsche und die Geschichte*, in Vermacht is 309, _der Antike,Vandenhoech & Ruprecht,Gotingen 1960,pp.296 90- esp.pp. 298

هەروەها بڕوانە لێدوانی کارل شلشتا لەسەر بابەتی *دەربارەی سوود و زیانی* مێژوو:

Karl schlechta, *Nietzsche Verhaltnis zur Historie*, in Der fall 725 _Nietzsches, hanser, Munchen 1959,pp.44

**ئاوابوونی بوتەکاندا** لە بەشی چۆن جیهانی *واقعی* بوو بە *ئەفسانە*، لێدوانێکی تێر و تەسەلی لە هەوڵی مێژوویی سەردەمای ئەخلاقی ڕۆژئاوا بەرچاو دەکەوێ.
بڕوانە:

75 *Twilight of the Idols*, trans. By R.J-Wreke, VI,3,pp,pp.74, 410_Holingdale, Penguin,Baltimore 1986, pp.40

٤- پێویستە لە باسکردن لەسەر بۆچوونەکانی نیچە دەربارەی مێژوو و ڕوانین بۆ مێژووی سەردەمای خۆی وریا بین. بەم پێیە ئەم نووسینە بە درێژی و وریاییەوە دەنووسرێ. ئەمە ڕاستە کە نیچە لە ساڵی ١٨٧٣، واتە ساڵی بڵاوکردنەوەی دەربارەی سوود و زیانی مێژوو بۆ ژیان، هەتا دەیەی ١٨٨٠ بە توندی لە *ڕوانگەی* مێژوویی چاخی خۆی و ڕوانین بۆ مێژوو ڕەخنەی گرت. بڕوانە:

73 on the -3, and pp.268- Vom Nutzen, werke, III, 1,pp.242 Advantage and Disadvantage of History for life, trans. By peter 260_Prauss, Hackett, Indianapolis 1980, p.8 and pp.24

بابەتی ڕەخنەی نیچە هەستی مێژوویی نییە، بەڵکوو شکڵی توندرە و نەخۆشانەکەیەتی (٣١٩، دەربارەی سوود و زیان کە بەگشتی بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی مێژوو بۆ زانست و گۆڕینی چاودێرێکی مێژوویی بۆ *بینەرێك* و هیچی تر. ئەم ڕەخنانە لەم کاتەدا دێتە ئاراوە کە نیچە بانگەشە دەکا کە ئیگزیستەنس بۆخۆی بابەتێکی مێژووییە (ئیگزیستەنس زەمانێکی ناتەواوە کە هیچ کات کامڵ نابێ)، هەروەها ژیانی ئێستا بەپێی پێویست هەڵگری نزیکایەتییەکە لەگەڵ ڕابردوو. لە ڕەخنەی نیچەدا سروشتی ئەم نزیکایەتییە دێتە بەرباس، نەك بوونەکەی. تەنانەت نیچە لەم بابەتە سەرەتاییەشدا بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکا کە دەبێ بەشێوەی جوانی ناسانە لەم نزیکایەتییە تێبگەین، نەك بەشێوەی زانستی. هەروەها خودی مێژوو دەبێتە بەرهەمێکی *هونەری*. بەهۆی ئەم جیاوازییەیە کە نیچە *لەوپەڕی* چاکە و *خراپەدا*، دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە *هەستی* مێژوویی بەهۆی زیرەکیی *پێشگۆیانە* ڕێزی بۆ دادەنرێ و بەهۆی حەزی زانینێکی ڕەشۆکییانە و سازشکارانە لۆمە دەکرێ. بڕوانە:

Werke, VI,2,pp.134 and 165: *Beyond Good and Evil*, trans. By w.kaufmann. Vintage, New york 1966,p. 122 and p.151.

هەروەها لەگەڵ باسی بەسوودی وۆلفاگانگ مولێر – لوتر بەراورد بکرێ:

Lauter, *Nietzsche: seine philosophie der* _Wolfgang Muller *Gegensatze und die Gegansatze seiner philosophie*, de Gruyter, 37, and p.64._Berlin 1971, ch. Tow, esp.pp.36

ئەو شتەی کە من لێرەدا دەمەوێ لێکۆڵینەوە لەسەری بکەم ئەوەیە کە ئەم نزیکایەتییەی جوانی ناسانە لەگەڵ ڕابردوو چییە؟

٥– ئەندێشەی نیچە لە بەراورد لەگەڵ ڕواڵەتە سەرەتاییەکەی سیستماتیکترە و نیشاندانی ئەو وێنەیە بە پێچەوانەی مەیلی نیچە، بەو مانایە نییە کە ئەو بووەتە هیگلی دووەم. ئەگەرچی ئەم کارە ئیزن بەهەموو کەس دەدا تا بە ڕوونترین شێوە بزانێ کە دەبێ چۆن وەڵام بە پرسیارێکی هیگلی بدرێتەوە: واتای مۆدێرنیزم لە دەقی مێژووی جیهانیدا.

6- Die Geburt der trangodie, Werke,III,1: *The Birth of Tragedy, in Basic Writings of Nietzsche*, trans. By W.kaufmann, The Modern Library, New york 1968.

7- *Werke*, III, 1, p.8 and p. 11: Birth, pp.19 and 22.

8- *Werke*, III, 1, p.14: Birth, p.24.

٩– هەڵبەت نیچە بانگەشەی ئەوە دەکا کە خۆی پرسی پاساودانەوەی جوانی ناسانەی بەرفراوان کردووە، بەچەشنێك کە هەنووکە (لەساڵی ١٨٨٦)دا زانستیش وەخۆ دەگرێ. بەڵام من هیچ نیشانەیەك نابینم کە ئەو، هەر بەو جۆرەی تریسی سترانگ بە ڕواڵەت بانگەشەی کردووە، پێی وایە کە تراژیدیای لە جێی پاساودانەوەی جوانیناسانە داناوە. بڕوانە:

Tracy Strong, *Friedrich Nietzsche and the Politics of Transfiguration* University of California Press, Berkeley 1975, p.143.

لە ڕاستیدا نیچە لە ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق (١٨٧٧)دا، هەروا داکۆکی لەسەر ئەوە دەکا کە هونەر بەدیلی ڕاستەقینەی نەریتی ئەفلاتوونی و پاکیی زانستە.

*Werke*, VI,2,p.42.On the Genealogy of Morals, in Basic Wriatings, of. Cit.p. 589. See also Sect.416 of Der Will zur matcht, Kroner Varlag, Stuttgart 1964,p.224.

ئەمە لە ڕێکەوتی ١٨٨٥–٨٦ دا نووسراوە.

بـه جـێی چـوونـەوە سەر Nachlass (ئـەو بـەرهـەمـانـەی لـە پـاش مـەرگدا بڵاو کـراونـەتـەوە)، مـن کـەڵـکم لـەم کـۆیـە وەرگـرتـووە هـەتـا چـوونـەوە سەر چـاپـی ئینگلیزییەکە هـاسانتر بێ. تا ئەو جێیەی من توانیومە لەسەری بدوێم پێویست ناکا، خوێندنەوەکانمان لەسەر ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات، تووشی ئەم کێشە دژوارە بکەین ئەم برگەیە ڕاست دەکەوێتە توێی ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات.
بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە:

14- Eckhard Heftrich, op.cit.pp.17

10- *Werke*, III,1,P.288: On the Advantage, p.36

11- *Werke*, III,1,P.292: On the Advantage, p.39.

١٢- لە:

*Ecce Homo*, Werke, VI,3, p. 307:*Ecce Homo in Basic Wriatings*, op.CIT,P.726.

لەو نووسینانەی کە لە *Versuch einer Selbstkritik* (هەوڵێك بۆ ڕەخنەگرتن لە خـود) بـۆ لـە دایـکـبـوونـی تـراژیـدیـا وەرگـیـراوە، دیـسان نـیـچـە داکۆکـی لـە سەر ئـەم ناوەڕۆکە دەکا:

Ich feing an mit einer metaphysischen Hypothese uber den Sinn der Musik: aber zu Grunde lag eine psychologische Erfahrung, welcher ich noch keine genugende histirische Erklarung unterzuschreiben wusste.

(داکۆکی کردن لە منەوەیە) بە پێی لێدوانی:*Heftrrich, op.cit.p.231* ئەمە ڕوون نییە کە نیچە ویستوویەتی چ دۆزێك ڕابگرێ و چ دۆزێك وەلا بنێ. بەڵام لانی کەم نیچە ویستوویەتی بەئاشکرایی بۆچوونی ڕۆمـانتیکی نـا مێژوویی خۆی دەربـارەی کەلتووری یۆنـانی وەلا بنێ. وەلانانێك کە هـاینریش فۆن شتـادن لە وتـاری خۆیدا سەرنجێکی ئەوتۆی پێنەداوە، بڕوانە:

Heinrich Von Staden, *Nietzsche and Marx on Greek Art and 960 _Literature: Case Studes in Reception,* Daedalus (1976), pp.79.

١٣- بۆ ڕاپۆرتێك لەسەر نزیکایەتی پڕ پێچ و پەنـای ئەندێشەی نیچە لەگەڵ فەلسەفەی شوپنهـاور، بڕوانە لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلی خوارەوە:

M. S. Silk and J.P. stern, *Nietzsche on Tragedy*, Cambridge University Press, Cambridge 1981, esp 202; deleuze, op. Cit. pp. 8, 23, 27, 94 ff. R.Retry, *An Introduction to the Problem of Affermation in Nietzsche s Thought*, Pennsylvaia State University, Diss.1980, pp.20 + 90; and Martin Heidegger,Nietzsche,Bd.1, Neske, pfullingen 1961,p.50.

١٤– بەڵگەی زیاتر بۆ نیشاندانی ئەوە کە پرسی دیونیزی قبووڵکردنی تراژیکە، بڕوانە:

pp.39,6;Twilight_37,PP.145_Dammerung,Werke,VI,3,pp.72_Gotzen 103;and *Ecce Homo*,Werke,3,p.31;*Ecce Homo* 729. Deleuze, op.Cit.

دۆلۆز ئەو ئاستە دەڕوا کە دەڵێ هیچ کات لە پرسی تراژیدیای نیچە حاڵی نابین، مەگەر ئەوەی کە لە یەکسانیی تراژیکشاد تێبگەین.

15- *Die Gebrut der Tragodie*, Werke,III,1,p.13; Birth, p.24

١٦– نیچە ئەو کاتە ئەم بیرۆکەیە لە لای خوێنەر دروست دەکا کە هونەر خەیاڵییە، چونکە هەڵخەڵەتێنەرە، بۆ نموونە لە ئیرادەی ڕووەو دەسەڵاتدا، برگەی ٨٣٥. بەڵام خوێندنەوەی وردی گشت نووسینەکە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان درۆی ئەخلاقی و فەلسەفی یان دینی کە لە ئسگزیستەنس (درۆ ڕەتکەرەوەی ژیانە) و ئیرادەی هونەرمەندانە دەدوێ، نیشان دەدا. ئیرادەیەك کە بە پاکییەکی ڕەشبینانە دەربارەی ئاوەڵناوی چارەسەر نەبووی ئیگزیستەنس، خەریکی ئافراندن و کارکردن دەبێ.

بۆ لێدوانی زیاتر لەسەر ئەوە کە چۆن ئەم دژایەتییە دیونیزی ئاپولۆنییە لە یەکگرتنێکی خەیاڵیدا ڕەت ناکرێتەوە. بڕوانە ڕاپۆرتە جیاوازەکانی ئەم نووسەرانە:

33,and Deleuze,op.cit.,12ff.,pp._lauter,op.cit,pp.10_Muller 94 ff,p. 213.

17- *Die Geburt der Tragodie*, Werke,III,1,P,131; Birth,p.127.

18- Ibid,p.331;p.128

19- Ibid,p.87;p.81.

20- Ibid,p.90;p.91.

21- Ibid, p.93; p.93-98.

22- Ibid,p.97;p.97.

23- Heidegger,*Nietzsche*,Bd.I,op.cit,p.51,and esp.P.59 on Entschlossenheit

ئەندێشەی نیچەو هایدگێر لە زۆر بەشی دیکەشدا لێك دەچن، بە تایبەتی دەربارەی تێگەیشتنی هایدگێر لە جیهان– بوون لە ئیگزیستەنس و زماندا. بڕوانە:

9, Bernd Magnus, *Nietzsches_* Lauter, op.cit,pp.157_Muller *Existential Imperative*, Indiana University Press, Bloomington 1978, and Heftrich, *Nietzsche philisophie*,op.cit. on Geworfenheit p. 186.

٢٤– لەم بەشەدا، *Unsere Tugenden* ئەم ڕووتێکردنە تارادەیەك مەزنە، کە لە هەلومەرجی بایەخدانان بایەخگەلی تایبەت وەردەگرێ، لە تەئویلی دۆلۆزدا ئامادەیە، بەڵام لە ژێر ئەم سەردێڕەدا باسی لەسەر نەکراوە.

٢٥– ئەمە بەئاشکرایی چەشنێکی تایبەتە لە پێویستی. مۆلێر–لوتێر زۆر باش باسیان لەسەر کردووە. بڕوانە:

Lauter, op.cit,p51,and p,81- Muller

هەروەها بڕوانە:

J.P.Stern, *A Study of Nietzsche*, Cambridge University Press; 26. Cambridge 1979, ch.4,pp. 54.

26- Die Geburt der Tragodie, Werke,III,1,P,VI Birth, p.67.

27- Ibid,p.107;p.106.

٢٨– ئەم بۆچوونە نیشاندەری جیاوازیی چەند بۆچوونێکی منە لەگەڵ دۆلۆز. دۆلۆز، پێی خۆشە کە فەلسەفەی جیاوازی نیچە لە تێگەیشتنی هێگل لەسەر دژواری –جیا بکاتەوە و لە ڕواڵەتدا سەرنج بەوە نادا کە نیچە بۆخۆی وەرسووڕانی سوقراتیش بە تراژیك دادەنێ و بەم پێیە دۆلۆز بە وێنەیەکی زۆر نەرێ لە سوقرات دەگات (لە شوێنێکدا ئەو تا ئەو جێیە دەڕوا کە پێی وایە دیاردەی سوقراتی هەمان نهیلیزمە و ئەمەش ڕاڤەیەکە کە هەم نیچە و هەم سوقرات بە دیدێکی سادەوە لێی دەڕوانن). بۆچوونی دۆلۆز لەسەر وێنەگری نیچە کە بەربەرەکانی هێزە دژەکان نیشان دەدا سەرنج ناداتە مێژووی ئەم بەربەرەکانێیە و هەروەها واتای دەرەنجامی ئەم

کێشەیە. دۆلۆز گشت وێنەکانی پاساودانەوە لە پەنای بێزاری دادەنێ و بەمجۆرە وێدەچێ کە بە نەسازانی (پاساودانەوە) لەگەڵ بانگەشەی خۆی دەربارەی دوا هەڵوێستی نیچە لەسەر دیونوسوسی نەزانیبێ:

il est le dieu pour qui la wie n'a pas a etre justifye, pour qui la vie est essentiellement juste. (op.cit.,p.18).

واتە ئەگەر ژیان لە بنەڕەتدا گونجاوە، پێویست نەبوونی پاساودانەوەش لەبەر ئەوە نییە کە پێشتر پاساوی بۆ هاتووەتەوە، ئەم حوکمە بە پێی بەڵگەکانی من پێویستی بە شیکردنەوە پاساودانەوەی دیونیزی هەیە، واتە پاساودانەوەی جوانی ناسانە.

٢٩– بەراورد بکرێ لەگەڵ کەڵك وەرگرتنی تەواو هاوچەرخ لە وشەی *واتا ناسی* لە:
*zur Genealogie der Moral*, werke, VI, 2, p.333; Geneology, p.516; and Deleuze, .potiv.

دۆلۆز بە دروستی ئەمە وەبیر دێنێتەوە کە بەرنامەی نیچە ئەوە نییە کە بەدوای هۆیەکاندا بگەڕێ یان بەدوای ئەو دەرکەوتنانەدا بچێ کە بە زات بگەن، بەڵکوو مەبەستی ئەو دۆزینەوەی مانای دەرکەوتەکانە.

٣٠– ئەم باسکردنە لە (هەلومەرج)، بەشێوەی ئاشکرا نیچە بە سوننەتی ڕەخنەیی و پاش کانتی پەیوەند دەکا. لێرەشدا هەڵوێستی نیچە بەناوی تێگەیشتنی مێژوویی زۆر پڕ پێچ و پەنایە، لە *لە دایك بوونی تراژیدیا* (١٨٧٢) وە تەنانەت *دەربارەی ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق* (١٨٨٧) نیچە ڕێزی زۆری لە توانایی فەیلەسوفانی پاش کانت گرتبوو کە پشتیان لە خۆشبینیی سوننەتی فەلسەفی کردبوو. بەڵام نیچە لە زۆربەی نووسینەکانی ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات و بەتایبەتی *لەوپەڕی چاك و خراپەدا* لە بەرامبەر ئەم ڕوانگە هەمیشە سەرەتاییە، بێزاری نیشاندا، چونکە لەم حاڵەتەدا فەلسەفە بە تەواوی دەبێتە زانستناسی، ئەویش زانستناسییەکی مێژوویی کراو، بەم پێیە ئەو ئەمەی ڕەت کردەوە کە *ئامراز دەبێ بتوانێ ڕەخنە لە گونجاو بوونی خۆی بگرێ* (ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات). هەروەها لەگەڵ *لەوپەڕی چاکە و خراپەدا* بەراوورد بکرێ. خشتەکانی ٢٠٤، ٢١٠. لە ڕاستیدا ئەم ووتانە زیاتر لە ڕەخنەی هێگل لەسەر کانت دەچێ کە لەسەرەتای دیاردەناسیی ڕۆحدا هاتووە، نەك ئەوەی بە ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری ڕەخنەیی نزیك بێت. نیچە وەکوو هێگل تەنیا

هێرش دەکاتە سەر بیرکۆڵیی ئەم سوننەتە و دەیەوێ تێگەیشتنی مەرج بەرفراوان بکا هەتا هۆگری مێژوویی و پراکتیکی وەخۆ بگرێ، نەك ئەوەی بیەوێ تێگەیشتنی مەرج ڕەت بکاتەوە. بە دڵنیایی لە نێوان هێگل و نیچەدا جیاوازی زۆر هەیە. بەڵام تەنانەت شیکار، واتە ژێل دۆلۆز لە *Nietzsche et la Philosphie* دا کە زیاتر لە هەمووان ئەم جیاوازییانەی وەبەرچاو گرتووە، هێشتا بۆچوونی لە بنەڕەتدا ڕەخنەیی کاری نیچە دەپارێزێ و ئەمەش گشتی ئەو شتەیە کە من تا بە ئێرە بانگەشەی بۆ دەکەم، ئەگەرچی دیسان دەمەوێ ئەمە وەبیر بێنمەوە کە دۆلۆز پێی خۆشە، بەچەشنێك داکۆکی لەسەر ڕەسەنایەتی و داهێنانی نیچە لە سوونەتی تیۆری ڕەخنەییدا بکا کە بێگومان لەچەند خاڵدا لەسەر وتەکەی داکۆکی دەکا. گوتنی ئەمە کە نیچە یەکەم کەسێك بوو کە *ئەندێشە ناتەواو بوونی ڕەخنەیی کانتی هێنا ئاراوە* و هەروەها وەسفکردنی ڕەخنەیی نیچەیی بە شێوازی خۆی *(typologie)* خافڵبوونە لە باشترین فەیلەسوفی پاش کانت، واتە فیتشە. (پێویست بە وەبیر هێنانەوە ناکا کە وێنەی دۆلۆز لە هێگل کاریکاتۆرییەکە لە کتێبە فەرمییەکانی قوتابخانە).

٣١– ئەگەرچی ژمارەیەك لە ڕەخنەگرانی نیچە بە ناڕاست کاری تاوانبار دەکەن، واتە تێکەڵاوکردنی پرسی سەرچاوە یان هۆی باوەڕێك لەگەڵ پرسی بایەخ یان بایەخی ناسینی بابەتی جێی باوەڕ، نیچە زۆرجاران بەتەواوی ئاگادارە کە چەمك و ئامرازەکانی کارکردن لە چوارچێوەی ئەم جیاوازی کردنە قبووڵ دەکا، بڕوانە:
30- *Zur Genealogie der Moral*, werke, VI,2, PP.329 Genealogy, p.513; Will to Power, Sect, 254.

٣٢– بەراورد بکرێ لەگەڵ:

60- Heftrich,Nietzsche Phillisophie, op. cit.,pp.207 ff and pp.225.

هەر بەو جۆرەی کە دواتر ڕوون دەبێتەوە، من پێم وایە کە کەڵك وەرگرتنی هێفتریش لە خوازەی *هەزار توێ* ناتوانێ وەکوو سەرپەرشتێك لە بەرامبەر پرسە ڕسکاوەکان لە تیۆرێکی تەئویلیی ئەوتۆ بەرگری بکا.

٣٣– بەراورد بکرێ لەگەڵ:

Martin Heidegger, *Sein und Zeit*, Nieneyer, Tubingen 1972, Sect 74.

٣٤- بۆ نموونە بڕوانە بۆچوونەکانی دەربارەی هۆ وەکو ئەفسانەی دەروونی لە *ئیرادەی ڕووەو دەسەڵاتدا،*
Jenseits Von Gute und Bose, werke, VI, 2, P.03; Beyond Good and Evil, p.29.

بڕوانە بۆ وەسفی بەناوبانگی ئەو لەسەر ڕاستەقینە:
Uber Wahrheits und Luge in aussermoralischen Sinne, Werke,50-III, 2, pp.374.

35- *Jeneseits Von gute und Bose*, Werke, VI, 2, p.22; *Beyond Goodand Evil, P.*21.

36- Ibid.,p.92;p.82.

٣٧- هەڵبەت نێوێکی هاوچەرختری بۆ *دژی واقعخوازی،* ڕەسەنایەتیی بەئاکام گەیشتنی پۆزەتیڤیسمی مەنتیقییە و جاری وایە نیچە بە بەرەی پێشووی ئەم بزووتنەوەیە دادەنرێ. بەو ڕادەیەی کە لە نێوان ئەم دوانەدا، جیاوازی هەیە بەهەمان ڕادەش لێك دەچن. ژمارەیەك لە ئەندامانی ڤیەن نیچەیان دەناسی و ئاماژەیان پێ دەکرد (کارناپ لە پێکهاتە مەنتیقییەکانیدا شەش جار ئاماژەی پێ کردووە). بڕوانە:
Hiram Canto, *Cranap s First Philisophy*, Review of 59._75), pp.326_metaphysics, Vol.28 (1974 98, and pp. _38) Martin Heidegger, *Nietzsche*, Bd. I. op.cit., pp.166, 410_231

٣٩- من لێرەدا ئەو بانگەشەیەم لەبەر چاوە کە ژان گرانیە لەبەشێك لە وتاری خۆی دەربارەی فرەبینیی ئەندێشەی نیچە، پێشنیاری کردووە. نەك ئەوەی سەرنج درابێت بە گێڕانەوەی تاڕادەیەك زیرەکانەی دۆلۆز کە بەرگریی لێ کردووە.
Jean Granier, Le Probleme de la Verite dans la Philosophie deNietsche, trans. in David Allison (ED.), *The New Nietzsche,* 99. _Delta, New York 1956, pp.68

40- Jeanseits von Gute und Bose, Werke, VI, 2, p.81, p.75.

(ئەو وتانەی کە لێرەدا هاتوون لە *لەوپەڕی* چاکە و خراپە وەرگیراون)

41- Jean Granier, Nietzsche S Conseption of Chose, in *The New* 41, Arthur Danto, *Nietzsche as-Nietzsche*, op. cit., pp.531 99_*Pgilosopher*, Macmillan, New York 1956, pp.68.

42- Granier, *Nietzsche s Conseption of Chaos,* op. cit., p.139.

43- Dnto op. cit., pp.96 and 97.

٤٤– بە تايبەتی لەو نووسراوانەی کە مەبەستی کتێبی سێهەمی *ئیرادەی ڕووەو* دەسەڵات بوون، هەر بەوجۆرەی لە خشتەی ٤٩٣ یان ٥١٥ دا بەرچاوە.

٤٥– ئەم برگەیە لەسەر ووتاری ئەم کتێبە وەرگیراوە:

Die frohliche Wissenschgaft, Werke, VI, 2, p.20.

گێڕانەوە لە:

Granier, Nietzsche s Conseptio of Chaos, op. cit., p.139.

46 - William Arrowsmith, *Nietzsche on the Classics and the Classicists*, Arion, Vol.ii, (1963), p,7.

47- *Jenseits Von Gute und Bose*, Werke, VI, 2, p.28, *Beyond Good and Evil*, p.27.

٤٨– تریسی سترانگ، بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنج و داکۆکی لەسەر ئەم خاڵە هەیە، ئەگەرچی ئەم خاڵە پڕ پێچ و پەنایە، چونکە نەیدەتوانی زۆربەی فەرزە میتافیزیکی زانستناسەکانی *پێکهاتەخوازی* قبووڵ بکا. لە ڕاستیدا ئەو لەگەڵ زۆربەی نارەزایەتییەکانی دریدا سەبارەت بە *لوی ستروس* دەبێ. بڕوانە:
Derrida, *Structure, Sind, and Play in the Discourse of the humman Sciences*, Writing and differencs, trans. By Alan 93._Bass, University of Chicago 1978, pp.278.

هەروەها بڕوانە:

80- J.p.stern.op. cit., pp.194.

٤٩– دیسان دەبێ داکۆکی بکرێ کە نیچە تەنانەت لەم بەرهەمەی دواتریشیدا هێشتا پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە بەدیلی فەلسەفەی سوننەتی پاساودانەوەی جوانی ناسانەیە.

٥٠- بەشێوەی زۆر تیۆریکی لەگەڵ فەرزی سەرنجڕاکێشی دۆلۆز بەراورد بکرێ کە لەسەر سێ بەش دارێژراوە و وەڵامدانەوەی بە دابەشبوونی سیانی دیالێکتێکی مەزنە.

51- *Zur Genealogie der Moral,*werke,VI,2,PP.265,Genealogy,p.456.

52- Ibid, p.464, p.472.

53- Ibid, p.283, p.471.

٥٤- هەر بەوجۆرەی ئالێن دونگان بانگەشە دەکا، لە:

Alan Donagan, The Theory of Morality, University of Chicago Press, Chicago 1977.

55- *Zur Genealogie der Moral,* werke, VI,2, P.293, and pp.302 Genealogy, p.481. and 491.

٥٦- بۆ نموونە بڕوانە ڕاڤەکانی یورگین هابرمارس، لە:

*Knawledge and Hunmman Interests,* trans. by J. Shapiro, Beacon 1971, pp.289- 300.

بەو جۆرەی تا بە ئێستا دەرکەوتووە من تاوانبارکردنی نیچە لە لایەن هابرماسەوە کە بانگەشە دەکا، نیچە *تێگەیشتنی سروشتخوازانە* و پۆزەتیڤیستی *دەربارەی مەیلی ئێنسانی* هەبووە ڕەت دەکەمەوە. تەئویلی دۆلۆز لە ڕێژەی نێوان *la vie la pensee* (فکر و ژیان) هەڵوێستێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و هەڵگری بەرگریکردنە دەربارەی ئەم کێشەیە.

٥٧- بەراورد بکرێ لەگەڵ ڕاڤەکانی سترانگ دەربارەی *ئیرادەی* ڕووەو دەسەڵات بەناوی *pathos*.

58- *Zur Genealogie der Moral,* werke, VI,2, PP.383, pp.302. Genealogy, p.556.

٥٩- ج.پ. سترن بەشێوەیەکی باش لەسەر ئەم خاڵە دواوە.

60- *Zul Gygolaene der Moral,*werke,VI,2, p. 280,Geigolaene,pp.469

٦١- وەڵامی میشێل فۆکۆ یەکێك لە تیۆریترین وەڵامەکانە، هەم لە ڕاڤەکەدا لەسەر نیچە و هەم لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی:

- *Nietzsche, Genealogy, History,* in Language, Counter Memory, Practice, Cornell University Press, Ithaca1977, pp.64. - 139

هەروەها لە بەرهەمی خۆیدا، واتە شوێنەوارناسیی زانشتیش بەمجۆرەیە. بۆ نموونە بڕوانە خوێندنەوەکانی بۆ نیچە:

*Madness and Civilization,* trans. By Richard Howerd, Vintage, New York 1973, pp. 79, 212, 286.

فۆکۆ لە بنەڕەتدا بەڵگە دێنێتەوە کە بۆ پرسیارێکی لەم جۆرە بێ وەڵامین. لە ڕاستیدا ڕچەڵەکناسیی نیچە، خۆی لە بەرامبەر گەڕانی سەرچاوەکان دادەنێ. من لێرەدا هەر دەتوانم ئەمە وەبیر بێنمەوە کە هەوڵەکانی فۆکۆ (بە مەبەستی ئەوە کە مێژووی نیچەیی تەنیا وەك یاریی هێزە دەسەڵاتخوازەکان ببینێ)، لەگەڵ ستایشی بەخت و ڕێکەوت لە لایەن خودی فۆکۆوە ناسازێ. لەگەڵ ڕەخنەی توند و تیژی دریدا مامۆستای پێشوو خۆی بەراورد بکرێ:

*Cogito and the History of Madness,* in writing and 630 - Difference, op.cit.,pp31.

٦٢- من تەنیا لەسەر لایەنێکی ڕاڤەیی هایدگێر دەدوێم. بۆ تێگەیشتن لە هەموو ڕووتێکردنەکانی هایدگێر، بڕوانە:

Lauter, *Nietzsche,* op. cit., pp30.ff, and Deleuze s note, - Muller op cit.,221.

63- Marthin Heidgger, *What is Called Thinking,* trans. by F.D. Wieck and J.Glenn Gray, Harper & Row, New York 8691, pp.82-110.

64- *Also sprach Zarathustra,* Werke, VI, I, p. 124 Thus Spoke Zarathustra, trans. By W. Kaufmann, Viking, New York 4591, p..99.

65- Ibid. P.671, p.140.

٦٦- ئەم خاڵە لە وتاری خوارەوەدا بەدرێژی باسی لێکراوە، بڕوانە:

Nietzsche Wort, Gott ist tot, in Holtzwege, Klostermann, Frankfurt a. M. 1972, PP.201ff.

67- M.Blanchot. *L Enterien infini,* op. Cit, p.218

68- Hiedgger, *Nietzsche,* Bd.I, OP. Cit., p.83.

69- Ibid. P.134.

70- Ibid.P.164.

71- Ibid. P.170.

72- Hiedgger, *Nietzsche Wort,* op.Cit., p. 227.

٧٣- بڕوانە بانگەشە سەرنجڕاکێشەکانی هانا ئارنت یان وەرچەرخانی بەناوبانگی هایدگێر کە خەریکە لە بەرگی ١ تا٢-ی گوتارەکانی نیچەدا ڕوو دەدەن:

*The Life of the Mind, Willing*, VOL. ll, Harcourt Brace Lovanovich, new york 1978, pp. 172 ff.

ئەم بانگەشەیە لە گوتارەکانی نیچەدا، بەڵگەی باشی پێیە، بەتایبەتی لە دیدی داکۆکیکردنی لە ڕادەبەدەر لەسەر *ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات* و تا ڕادەیەکیش لە دیدی پێوەندی ئەم وەرچەرخانە لەگەڵ دۆکتۆرینی گەڕانەوەی تاهەتایی، لە گوتارەکانی دواتردا.

74- Hiedgger, Nietzsche, Bd.L. OP. Cit., p.80.

٧٥- ئەوەی کە ئەمە بابەتی سەرەکیی بەرهەمە لە سەردێڕی دووەمی (بەرهەم) دا ڕادەگەیەنرێ. ئەم کتێبە بۆ هەموو کەسە. کتێبەکە، بۆخۆی بەردەنگ و وەرگری مێژوویی خۆیەتی و دەتوانێ دەست بۆ *هەموو بنەمایەکی* میتافیزیکی درێژ بکا. بەڵام زەردەشت لە هەمان کاتدا کتێبەکە بۆ گشت کەس. بەردەنگی مێژوویی هەروا بە بیری سوننەتییەوە کتێبی زەردەشت هەڵدەسەنگێنێ و بەم پێیە ناتوانێ ببێتە بەردەنگێك کە زەردەشت پێویستی پێی بێت. بە باوەڕی من ئەمە هەمان خاڵە کە دۆلۆز داکۆکیی لێ کردووە. ئەویش کاتێ کە بە پەیرەویکردن لە نموونەی بلانشۆ بانگەشەی ئەوە دەکا کە بابەتەکانی نیچە هیچ ناوەڕۆکێکیان نییە، هەر بەو چەشنەی کە بێ ڕواڵەتن. بەراورد بکرێ لەگەڵ:

90- Nomd Though, in The New Nietzsche, op. cit. pp. 142 pp. 12.

76- Ibid, pp.6

٧٧- پرسی مێژووش لە سەرلەبەری *وەهای گوت زەردەشتدا* ئامادەیە. لە شکڵی ئاماژەی جۆراوجۆر بەوەی کە زەردەشت لە *چ کاتێك لە* ڕۆژ دەدوێ، بە ئاماژە کردن بە باردۆخی خۆر لە ئاسمان و کورتی و درێژیی نسێکان.

٧٨- ئوژن فنك ئەم پرسە یان لانیكەم پرسی لەم جۆرەی بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش لە دژایەتییەك كە بۆخۆی لە نێوان ژیان و ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات دای ناوە، ئاڕاستە دەكا، بڕوانە:

Bucher 45, Stuttgart 1960, - Nietzsches Philosophie, Uraban

بەراورد بكرێ لەگەڵ ڕەخنەی تا ڕادەیەك دوژمنكارانەی مۆلێر-لۆتێر كە لەسەر فێنكە:

77.- Lauter, Nitzsches, op.cit. pp.67- Muller.

79- Jecques Darrida, *of Grammatology,* trans. By G.C. Spivak, John Hopkins University Press, Baltimore 1978, pp.19,60.

٨٠- ئەو بەتایبەتی لە ڕەچەڵەكناسیی ئەخلاق ئاگادارە كە ئەمجۆرە فەرامۆشییە بە تەواویی ناتوانێ ببێتە هێزی ئۆقرە گرتوو، بەڵكوو چالاك و پۆزەتیڤە. بڕوانە:
Werke, VL, 2, P. 307, *Genealogy*, P. 493.

81- Ibd., P.346, 527.